# ئەنتاگۆنیزم و سیاسەتی ڕادیکاڵ لە فەلسەفەی سیاسی (سلاڤۆی ژیژەک)دا

**شێرزاد ئەحمەد نەجار[1] - ئیدریس عمر مستەفا[2]**

[1+2]بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

"حەقیقەت" لە هەمەکیەتی خۆیدا و "سیاسەت (Politics)" بە مانا ڕادیکاڵەکەی، لە فەلسەفەی سیاسی **سلاڤۆی ژیژەک***دا پەیوەندییەکی تۆکمەیان بەیەکەوە هەیە و بە پێچەوانەی گوتاری پۆست مۆدێرن و هزری لیبراڵ، دەکەوێتە دەرەوەی ڕێژەگەرایی و سیاسەتی واقیعی. ژیژەک پێیوایە سەرەڕای گوتاری ئایدیۆلۆژیای باڵادەست بۆ پێشاندانی کۆمەڵگا وەک پانتاییەک کە هێز و چینەکانی ناوی دەتوانن لە ڕێگای سازش و کۆدەنگییەوە سیاسەت بەڕێوەببەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەنتاگۆنیزم (Antagonism) و دژایەتی هەمیشەیی نێوان دو چین و زێدەیەک وادەکات کۆمەڵگا لە حاڵەتی دینامکیەتی خۆی نەوەستێت، بەتایبەتی کاتێک ئەمە لە ململانێی چینایەتیدا خۆی دەردەخات. بەم جۆرە لە تێزی سیاسەتی ڕادیکاڵ هەمیشە ئەگەرەکانی بەرەنگاری و شۆڕش لە ئارادایە، بکەری ئەم خەباتە کە وەک سوبێکتێکی مێژویی و لە فۆرمی بەشی بێ بەش یان زێدە یان پەراوێزییەکانی کۆمەڵگا یان تەنانەت چەمکی "خەڵک"دا دەردەکەوێ و دەبێت بە چاڵ یان کۆمەڵەیەکی بەتاڵ کە سیستەم حسابی بۆ ناکات و نایگرێتەخۆی. لەبەرانبەردا ئەمیش وەک درز یان کەلێنێکی هەمیشەیی لەناو سیستەمەکەدا دەمێنێتەوە و ناهێڵێت سیستەم بەتەواوی دابخرێت و بگات بەیەکانگیری ڕەها و هەمیشە وەک ئەگەری شۆڕش و نارەزایەتی دەمێنێتەوە، دەبێت بە توخمێکی بزۆک لەناو پەیوەندییەکی دیالێکتیکی کە جوڵە بە سیاسەت دەدات بە ئاستە ڕادیکاڵەکەی.

**کلیلە وشەکان:** سیاسەتی ڕادیکاڵ، حەقیقەت، ئەنتاگۆنیزم، ململانێی چینایەتی، سوبێکتی شۆڕشگێڕ.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19
**Received:** 17-April-2022
**Accepted:** 30-May-2022
**Published:** 29-March-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
Ameen.sherzad@yahoo.com
Idrees.mustafa@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

لەگەڵ لاوازبونی ئەرگۆمێنتەکانی هزری ڕەخنەی ڕادیکاڵ لەبەرابنەر سیستەمی سەرمایەداری و پەسندکردنی ئایدیۆلۆژی ئەم سیستەمە وەک واقعیەتێکی هەمیشەیی و نەگۆڕ، بەشێک لە بیرمەندانی هزری چەپ و لە نێویشیاندا ژیژەک، جەخت لەسەر ڕەهەند فریودەرەکانی "سیاسەتی واقعی" دەکاتەوە کە خۆی وەک دەرکەوتەی حەقیقەت نمایش دەکات. لە دیدی ئەو ئەگەر سیاسەت بوارێک بێت کە خۆی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە واقعیەتی کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە هەبێت، ئەوا ئەمڕۆ لە جیهانی گلۆباڵی هاوچەرخ و لە هەناوی سیستەمی سەرمایەداری و فەلسەفەی پۆست-مۆدێرن دا حەقیقەت و سیاسەت وەک دو بواری پێچەوانەی یەکتر سەیر دەکرێن و سیاسەت تەنیا وەک پەیکەری بیرۆکراسی دەبینرێت. لای ئەو سیاسەت پرۆسسێکی دیالێکتیکییە، کە لەسەر بنەمای ناکۆکییە ناوەکییەکانی کۆمەڵگا دەڕواتە پێش و لەناو سیستەمی ئابوریدا چەقیبەستوە. ئەم سیاسەتە بۆ ئەوەی ڕادیکاڵ بێت، هەم پێویستی بە بنەمای فەلسەفی ڕادیکاڵ و هەم سوبێکتێک کە خۆی بە پابەندی گۆڕانکاری و بەرەنگاری بزانێت. تاک لەناو ڕێژەگەرایی ناتوانێ ڕۆڵی سەرەکی بگێڕیت و تەنیا هەندێ ئەکتی نمایش جێبەجێ دەکات و ئەمەش لەدیدی ژیژەک سیاسەت لەمانا بنەڕەتییەکانی خۆی بەتاڵ دەکرێتەوە و لە ڕاستیدا لەسیاسەتخستنە.

**١-گرنگی توێژینەوە:** لە توێژینەوە هاوچەرخەکاندا، سیاسەت یان وەک ئەکتی ناو دەزگا فەرمییەکان پێناسە دەکرێت یان وەک بوارێکی پاشکۆیی، لەم توێژینەوەدا سیاسەت چەمکێکی سەنتەرییە، کە لەگەڵ هەناوی ململانێ و دژایەتی کۆمەڵگادا خۆی دەردەخات.

**٢-پرسیاری توێژینەوە:** پەیوەندی نێوان حەقیقەتی هەمەکی و سیاسەتی ڕادیکاڵ چۆنە؟ ئەنتاگۆنیزم چ پەیوەندییەکی بە ڕادیکاڵ بونیەوە هەیە و ململانێی چینایەتی و سوبێکتی شۆڕشگێڕ دەکەوێتە کوێ؟ ئایا سیاسەت بریتییە لە سیستەمێکی یەکپارچەیی کۆمەڵگا یان هەمیشە بۆشایی و درزێک لە هەناوی دایە؟

**٣-گریمانەی توێژینەوە:** سیاسەت لە ڕوانگەی ژیژەک لەناو پرۆسەیەکی دیالێکتیکی و لە هەناوی ململانێی چینایەتی چەقیبەستوە کە ڕەهەندێکی ئەنتاگۆنیستی هەیە، کە ڕێککەوتن و سازش وەک ئایدیۆلۆژیای سیستەمی سەرمایەداری ڕەهەندە ڕادیکاڵەکەی دادەپۆشێت لە پێناو پارێزگاریکردن لە بەردەوامی سیستەم و پێشگرتن لە شۆڕش.

**٤- میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری-ئاوێتەیی (تحليلي-تركيبي) و ڕەخنەیی بەکارهاتوە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

## بەشی یەکەم: سیاسەتی حەقیقەت و ڕوداو

### 1 -حەقیقەتی هەمەکی

ژیژەک سەبارەت بە حەقیقەتی هەمەکی و یونیڤێرسالٚ بەمانایەکی دیاریکراو، لەسەر یەک ڕاستەهێڵە لەگەڵ فەیلەسوفی فەرەنسی ئالان **بادیۆ**، بەجۆرێک کە لە هەناوی فەلسەفەی ئەوەوە دەتوانین بەشێک لە کێشەکانی ڕێژەگەرایی پۆست – مۆدێرن سەبارەت بە حەقیقەت دەستنیشان بکەین، کە ئەمە ڕەهەندێکی قوڵی سیاسی-کۆمەڵایەتی هەیە. هەر وەک ژیژەک دەڵێت بە پێچەوانەی ئەم کلێشە باوەی جەخت دەکاتەوە کە «سیاسەت مرۆڤەکان لە یەکتر دادەبڕێت و کەلێن دەخاتە پەیکەری کۆمەڵایەتی، دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە تاکە هەمەکییەتی یونیڤێرساڵی ڕاستەقینە هەمەکیەتی سیاسییە». (ژیژک، ١٣٨٤a، ٣٥١) هەر بۆیە لە دیدی ژیژەک گریمانەی پێشەکی لینین، کە ئێستا لە سەردەمی ڕێژەگەرایی پۆست مۆدێرندا لە هەمو کاتێ باشتر دەگونجێت، ئەوەیە کە حەقیقەتی هەمەکی یان یونیڤێرساڵ و لایەنگریکردن، یان هەڵوێست وەرگرتن، نەک هەر دژی یەکترنین، بەڵکو هەردوکیان مەرجی هاتنەدی ئەویتریان دەرەخسێنێت. بەم جۆرە لە دیدی ئەو دەتوانین حەقیقەتی هەمەکی وەک ڕەوشێکی گشتی و کۆنکرێتی تەنیا بە یارمەتی هەڵوێستێکی تەواو لایەنگرانەی تۆکمە بەیان بکەین، حەقیقەت وەک دەڵێن یەک-لایەنە و هەر وەک **مارکس** ئاماژەی بۆ دەکات بەبێ گەڕانەوە بۆ حەقیقەتێکی هەمەکی دەبین بە مەیمونی خودایەکی ساردوسڕ. (ژیژک، سەرچاوەی پێشو، ٣٥٠-٣٥١) ئەمەش پێچەوانەی لۆژیکی پۆست مۆدێرنە کە بەپێی ئەو هەمو شتێک تەفسیر یان ڕاڤەیەکی گوتارییە Discursive و هیچ جۆرە فاکتێکی ڕاستەوخۆ و تۆکمە لە ئارادانییە، ئەمەش وادەکات سیاسەت ببێت بە گەمەیەکی زمانی و چارەنوسی بەشێکی زۆر خەڵک لەناو بازنەیەکی بێکۆتایی ئەرگۆمێنتسازی دا بسوڕێتەوە.

لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانی و لای ئەرستۆ حەقیقەت واتە هاوجوتی نێوان بیرکردنەوە و واقعیەت یان زەین و شتەکان یان زمان و واقعیەت یان وەک دەڵێت: «هەمو شتێک بەو ڕادەیە حەقیقەتی هەیە کە بونی هەیە». (ارسطو، ١٣٨٤، ٤٨ –(Aristotle, 1941,713 ئەم پێناسەیە بۆ ماوەیەکی دور و درێژ پێناسەی قبوڵکراوی فەلسەفە بو، بەڵام **مارتین هایدگەر** ڕەخنە لەم تێگەیشتنە دەگرێت و پێیوایە هەرگیز شتێکی زەینی و ناوەکی هاوجوت نابێت لەگەڵ ئەو شتەی کە لە دەرەوە ئامادەیی ماددی و بابەتی هەیە، هەربۆیە ئەو حەقیقەت لە دەرکەوتن و دیاربون و کەشفبوندا دەبینێ. (هیدگر، ١٣٨٦، ٣٨٣-٣٨٤) گادامێریش هەر لەسەر ڕێچکەی هایدگەر ڕای وایە حەقیقەت هیچ نییە جگە لە پێشهاتی مانا، یان ڕودانی، حەقیقەت دەرکەوتنەAletheia، کەشفی بەریەککەوتنی نێوان مێژو و نەریتە و پرسیاری ئێستا و توانەوەی ئاسۆی مێژو و توراسە، گفتوگۆی نێوان ڕابرو و ئێستایە. (غادامیر، ٢٠٠٧، ١٦) هەر بۆیە لای ئەو حەقیقەت بەپێی میتۆد نادۆزرێتەوە، بەڵکو لە ڕێگای دیالێکتیکەوە کەشف دەکرێت. (بوصالحیح، ٢٠٢٠، ٢٢١) چونکە پێیوایە لە میتۆددا ناسکار (الذات العارفة) جۆرێک لە باڵادەستی و کۆنترۆڵ و گەمەکردن دەسەپێنێت، بەڵام لە دیالێکتیکدا واز لەو بابەتە دەهێنێت، کە ڕوبەڕوی دەبێتەوە بۆ ئەوەی ئەو پرسیارە تایبەتیانەی خۆی بکات کە پێویستە وەڵام بدرێنەوە. (عادل، ٢٠٠٠، ٢٧٩-٢٨٠)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

بەم جۆرە جارێکی تر پرسی حەقیقەت لە هەمەکیەتی خۆیدا و هەمەکیەتی حەقیقەت دێتەوە ناو فەلسەفە و کاریگەرییەکانی خۆی لەسەر سیاسەت بەرجەستە دەکات. لەم نێوەندەدا **بادیۆ** فەلسەفەی مۆدێرن بە تێپەڕاندنی و ڕەخنەگرتن لە تێگەیشتنی ئەرستۆ بۆ حەقیقەت لە قەڵەم دەدات، حەقیقەت لای ئەو "شتێکی نوێ"یە و پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە و پەیوەندی بە "ڕوداو"ەوە هەیە نەک "هەبون"، واتە حەقیقەت ڕودەدات نەوەک شتێک بێت هەبێت، چونکە ئەوەی هەیە و خۆی دوبارە دەکاتەوە بە مەعریفە ناوزەد دەکرێت. (بدیو، ٢٠١٣، ٢) ئەم جیاکردنەوەی نێوان هەبون و ڕوداو جیاوازییەکی گرنگە، چونکە «هەر ڕەوشێک ئەنسکلۆپیدیا یان مەعریفەی چەسپاوی خۆی هەیە و ئەم مەعریفەیە (ئەو زمانە لەخۆدەگرێت کە بۆ جومگەبەندی سودی لێوەردەگیرێت) بۆ دروستکردنی ئەو شتەی لەم ڕەوشەدا ممکینە یان دەژمێردرێت کاردەکات». (هریستون، ٢٠٢٠، ١٣-١٤) لەدیدی بادیۆ لە چرکەساتە پێشبینی نەکراوەکاندا حەقیقەت وەک شتێکی دەرەبڕیارە undecidable و پێچەوانەی یاسا باوەکانی جیهان دەردەکەویت، کە لە ئاستی سوبێکتدا پێویستی بە دانپیانان و بڕیارە و پەیوەستە بەوەی تاک ڕوداوەکە قبوڵ بکات و وەفاداربێت پێی بۆ ئەوەی وەک حەقیقەت دەربکەوێ. **بادیۆ** دەڵێت بۆ نمونە هەر کام لە ڕوداوە مێژوییەکانی وەک فیزیای ماتماتیکی گالیلۆ و تراژیدیای یۆنانی و ژیانی عاشقانە و سیاسەتی شۆڕشگێرانە، بەمانای داهێنانی فۆرمێکی نوێی ڕێکخستنی دەستەجەمعی و فۆڕمێکی نوێی کردەی سیاسی، بەشێکی نوێی جیهانیبون کە پێویستیان بە لۆژیکی نوێ هەبو. (بدیو، ٢٠١٣، ٤) بیرمەندانی چەپی ڕادیکاڵ دژی بانگەشەی پۆست مۆدێرنەن کە پێیوایانوایە سەردەمی حەقیقەتی هەمەکی و حیکایەتی گەورە کۆتایی هاتوە و ناتوانرێت هیچ بونیادێکی جێگیری میتافیزیکی بۆ حەقیقەت دابنرێت و هەمو هەوڵێکی لەم جۆرە بە تۆتالیتاریزم کۆتایی دێت، لەبەرانبەر تێزی سەرەکی پۆست-مۆدێرنە، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سەردەمی ئێستا سەردەمی نادڵنیایی و گومان و ڕاڕاییە و هیچ چەشنە حەقیقەتێکی غایی لە ئارادانییە و ئێمە لە نێو جیهانی نیشانەداین، ئەمەش بەسەر هەمو پرسەکان و بەتایبەتی پرسە سیاسییەکان دا جێبەجێدەبێت. لە هزەی لیبراڵ دا ئەرگومێنتی بەهێز کە ئێمە لە توانامانـدا نییە بزانین حەقیقەت چییە، بەڵکو تەنیا دەتوانین ڕاڤەی بکەین، چەپی ڕادیکاڵ و لەسەروی هەموشیانەوە ژیژەک پێیوایە ئەمە سەریکێشاوە بۆ پشێوی و ئاڵۆزیەکی فکری و سیاسی و هیچ کێشەیەک ناتوانرێت بەرەو چارەسەر بچێت، چونکە چارەسەر (یان حەقیقەتێک) لە ئارادا نییە، هەربۆیە ئەو «بانگەشە بۆ سیاسەت دەکات وەک حەقیقەتێکی یونیڤێرساڵ، نەک بوارێکی تایبەت بە "فرۆنیسس-Phronesis" واتە حیکمەتی کردەیی بە مانا ئەرستۆییەکەی و بە بۆچونی ئەو لە چاکەی گشتیدا کردەی ڕاستەقینەی سیاسی واتە پرۆسەی بڕیار گرنگە». (ژیژک، ١٣٩٥، ٢٦) ئەمە دەبێتە خاڵێکی گرنگ لای ژیژەک لە شیکردنەوەی دەستەواژەی "چاکەی گشتی" و پێیوایە ئەوەی کێشەزایە چەمکی "چاکە"یە، چونکە ئیستاتیکای کلاسیک بڕوای بەجۆرێک "چاکەی باڵا" هەبو کە خودان بەهایەکی زاتی و باڵابو کە هەموانی بەرپرس دەکرد. بەڵام لەگەڵ مۆدێرنیتە بۆ نمونە لای **کانت** ئەخلاقیاتی فۆرماڵ یان یاسای ئەخلاقی دێنە پێشەوە و ئیدی لێرەدا ئەخلاق بە هیچ جۆرێک بە سیاسی ناکرێت. لای ژیژەک "سیاسەت بەسەر ئەخلاقیاتدا ئەولەویەتی هەیە، سیاسەت تاکە ئامرازە بۆ بڕیاری بابەتیانە سەبارەت بە ئایین و کۆمەڵگا و پرسە




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

ئەخلاقییەکان «وانەی سیاسەت ئەوەیە ناتوانی لە نێوان ئامراز و ئامانج جیاکاری بکەین». (هەمان، ٢٦) ئەمە تەواوکاری تێزەکەی نیکۆلۆ میکاڤێللییە واتە «ئامانج پاساوی ئامرازە». (مکیافیللي، ٢٠٠٤، ٩١) چونکە وەک هەمەکێک هەردوکیان یەکتر تەواودەکەن و سنورەکانی یەکتر پێناسە دەکەن.

ژیژەک بۆ دامەزراندنی پرەنسیپێکی هەمەکی بۆ حەقیقەت سود لە خوێندنەوەی سیاسیانەی بادیۆ وەردەگرێ بۆ ماتماتیک وەک زانستێکی پەتی و لە ناویشیدا تیۆری کۆمەڵەکان Set theory، چونکە بادیۆ پێیوایە سیستەمی بنەمای بەدیهی axiomatic کە لەسەر تیۆری کۆمەڵەکان دامەزراوە تاکە شێوازی بیرکردنەوەیە لە "بون –وجود" و بەم جۆرە گۆڕنکاری لە چەمکە سەرەکییەکانی ئۆنتۆلۆژی فەلسەفی دا دێنێتەئارا، بەبۆچونی ئەو ماتماتیک پاساو بۆ نواندنی فرەکان دێنێتەوە و تاکە گوتاری بەردەستمانە کە گرانتی تەواو و معیارییە بۆ ئەو شتەی دەیڵێین. (هاشمیان، ١٣٩٨، ١٥٩–١٦٧) بەم جۆرە هەوڵدەدات ئەم تیۆرە بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگا و ریزبەندی پێکهاتەی چینەکان و شوێنگەیان لەناو سیستەم بەکاربێنێت، بەچەشنێک کە لەناو ئەم سیستەمەدا پەیوەندی نێوان کۆمەڵە یان توخم یان پێکهاتە جۆراوجۆر و فرەکان، پەیوەندییەکە کە دەسەڵات پێناسەی دەکات یان دەیخاتە دەرەوەی پێناسەکردن.

لە بنەڕەتدا تیۆری کۆمەڵەکان کە لەلایەن ماتماتیکزان کانتۆر داهێنراوە بەم جۆرە پێناسە دەکرێت: «کۆبونەوەی کۆمەڵێک شت لە گشتێکدا، بە جۆرێک کە هەست یان تێگەیشتنی ئێمە توانای جیاکردنەوە یان دیاریکردنیان هەبێت، ئەوا هەر کام لەم شتانە دەبن بە توخم یان دانەیەک لە کۆمەڵەکە». (بروئر، ١٣٥٩، ١٠) بەشێوەیەکی گشتی هەمو کۆمەڵەیەک ژێر کۆمەڵەی Subsetی کۆمەڵەیەکی ترەوە و ئەمە درێژ دەبێتەوە، ئەمەش واتە هەمیشە دەتوانین توخم یان دانە یان ئەندامەکان بەسەر پۆل و بەشی جیاوازدا دابەشبکەین. بەم جۆرە لەرێگەی تیۆری کۆمەڵەکانەوە بادیۆ هەوڵدەدات پرسەکانی تایبەت بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و نواندنەوە (نوێنەرایەتی) سیاسی شی بکاتەوە.




مۆدێلی کۆمەڵەکان set model

بیرۆکەی کۆمەڵەکان لەسەر ئەوە دامەزراوە کە ژماردن یان پۆلێنکردن لەسەر بنەمای دەرکردن Exclusion بنەڕەتی یان هەمان "بەتاڵ" دامەزراوە. (هریستون، سەرچاوەی پێشو، ١٠–١١) لەم نێوەندەشدا ئەوەی گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە فەلسەفەی بادیۆ کۆمەڵەی بەتاڵە. کۆمەڵەی بەتاڵ (Ø) empty واتە کۆمەڵەیەک کە هیچ دانەیەکی یان ئەندامێکی نییە، هەر بۆیە ناتوانێ خۆی بنوێنێت و ئەو شتەش نەنوێنرێت، ئەوا وەک ڕستەیەکی ناقسکردنی subtraction نواندنەوەی نواندنە، یان فرەیەک هەیە کە لە ژێر ئایدیای فرەدا جێگەی نابێتەوە. (Badiou, 2005,67) بەم جۆرە ئەم ڕیزپەڕە کە بۆ نمونە لەم ڕستە ماتماتیکییەدا دەردەکەوێت.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

«نەبونی ژێر کۆمەڵە subset لەم ڕستەیەدا: [(β ∈α) (α∃)~] (β∃) بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە: β یەک هەیە بەجۆرێک کە α یەک کە ژێر کۆمەڵەیەتی بونی نییە.

لە ڕوانگەی بادیۆوە نەبونی ژێر کۆمەڵە واتە نەبونی نواندن و نەبونی نواندنیش واتە نەبونی وجود existence چونکە، وجود واتە بون لە نواندن دا being in presentation.»( Badiou, libd., 13 ) بەپێی تیۆری کۆمەڵەکان، بادیۆ هەوڵدەدات ئەوە بسەلمێنێت، کە هەمیشە لە نێوان فرە کۆمەڵە هەمەجۆرەکاندا، کۆمەڵەیەک هەیە کە ڕەنگە توخمی لەناو هەمویاندا هەبێت، بەڵام وەک کۆمەڵە نابینرێت و هیچ حسابێکی بۆ ناکرێت یان وەک کۆمەڵەیەکی بەتاڵ و بێناونیشان دەردەکەوێت و لەناو سیستەم نادیدە دەگیرێت.

## 2- نواندنەوە و ڕوداو:

ژیژەک لە خاڵێکی تری گرنگدا کە تایبەتە بە "ڕوداو" و نوێنەرایەتی یان نواندنەوە، پشت بە تێزە سەرەکییەکانی بادیۆ دەبەستێت و شی دەکاتەوە و لەگەڵ تێگەیشتنی خۆی بە دیالێکتیکی هیگڵ سیستەمێکی فەلسەفی نوێ دادەمەزرێت.

لە ڕوانگەی بادیۆ ئامانجی فەلسەفە خستنەڕوی وتارێک نییە سەبارەت بە بون، وتارێک کە حەتمەن پێویستە وتارێکی ماتماتیکی بێت، بەڵکو وتارێکە ئامانجەکەی دامەزراندنی سینتێزێکی یان ئۆنتۆلۆژییە بەو پێیەیە ماتماتیک مێژویەتی گوتارە سەبارەت "بەبون وەک بون being as being". (Badiou, op.cit., 13) لێرەدا فەلسەفەکەی لەسەر سێ ئاستی جیاوازی ئۆنتۆلۆژی Ontology و لۆژیک Logic و باوەڕ بە ڕوداو Doctrine Event دامەزراوە و ژێرخانی دەزگا چەمکییەکەی بریتییە لە ڕەوش Situation و نواندن Presentation و فرە Multiple.(هاشمیان، ١٦٠-١٦١) ئەوە جگەلەوەی (یەک) one وەک بنەمای بون ڕەتدەکاتەوە هەر وەک لە نەریتی فەلسەفی بەتایبەتی لای ئەفلاتون هەیە و بەڵکو ئەوەی هەیە زۆر یان (فرە) و (فرەیەکی) ترە. (Badiou, opcit., 23) بەم جۆرە تەوەری سەرەکی تیۆری **بادیۆ** «بەمانا شیلینگییەکەی کەلێن یان چاڵی نێوان being بون و event ڕوداوە». (ژیژک، سیاست حقیقت، ١٩٩) بون سیمای ئەنتۆلۆژیە کە لەبەردەست مەعریفە دایە و ئەوەی لە ئەزمونی ئێمەدا دەردەکەوێت و نزمترین ئاستی نمایشی presentation فرەی پەتیە (كثرة المحض). **بادیۆ** فرەی یەکگرتوی تایبەت و هەندەک (بۆ نمونە کۆمەڵگای فەرەنسی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی) بە "ڕەوش- situation" ناوزەد دەکات، بونیادی ڕەوشەکە دەرفەتی ئەوەمان پێدەدات ڕەوشەکە بە (یەک one) ببینین. ئەمەش پێویستی بە میتا بونیادە بۆ ئەوەی وەک (یەک) پێناسەی بکات، واتە شوناسەکەی لەلایەن بونیادە سیمبۆلیەکەی دیاری دەکرێت و لێرەدا "حاڵەتی ڕەوش"state situation دێتە ئاراوە. بادیۆش جیاوازی دەکات لە نێوان نوێنەری ڕەوشێک کە بونیادبەندی یان سیستەم خۆی بەو جۆرەی کە هەیە پێشان دەدات، لەگەڵ نوێنەرایەتیکردن، واتە ئەو پانتاییەی کە بونیادنییە، بەڵکو وەک پرۆسەی بونیادبەندی دەخرێتەڕو. ڕوداو بە مانا بادیۆییەکەی لەسەر ئەو شتە دامەزراوە کە لە بنەڕەتدا ناشێت لە هەناوی ڕەوش دا دوبارە دەربکەوێتەوە، شتێکە وەک بۆشایی (الخلاء) ڕەوشەکە. (لاكلائو، ١٣٩٢، ٣٠٦) ئەمە هەر بەپێی تێگەیشتنی ماتماتیکی بادیۆ لەچوارچێوەی تیۆری کۆمەڵەکان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

هیچ ئەندامێكی تایبەت بە خۆی نییە وەک کۆمەڵەی بەتاڵ Ø دەردەکەوێت، سەر بەهێچ کۆمەڵەیەک نییە، بەڵام لەڕاستیدا دەتوانێ ببێتە ژێر کۆمەڵەی subset هەمو کۆمەڵەیەک. (بدیو، اخلاق مبارزه، ٣١٣) لە فەلسەفەی سیاسی بادیۆدا ئەمە هەمان خەڵكە یان زۆرینەی چین و توێژە پەراوێزخراوەکانن کە ناخرێنە ناو چوارچێوەی کۆمەڵە حساب بۆکراوەکان. بۆ ئەوەی ئەم ڕیزبەندییە کۆمەڵایەتی-سیاسییە تێکبشکێت و جارێکی تر کۆمەڵەی بەتاڵ دەربکەوێت، پێویستی بە خوڵقاندنی ڕوداوە، ڕوداوێک کە پەیوەندی نێوان فرەیی کۆمەڵە و ژێر کۆمەڵەکان بەجۆرێکی تر بخوێنێتەوە، کەواتە لای بادیۆ «ڕوداو ئەوەیە کە سەرهەڵدانی شتێکی نەبو دەخوڵقێنێت و لای ژیژەکیش ڕوداو ئەوە نییە کە لە دونیادا ڕودەدات، بەڵکو گۆڕینی ئەو چوارچێوەیە کە بە هۆیەوە لە دونیا تێدەگەین و لە دونیادا دەجولێینەوە». (عەلی، ٢٠١٩، ٤٥) لە ئەنتۆلۆژیای **بادیۆ**دا ئێمە کۆمەڵە یان situation ڕەوشێکمان هەیە کە خاوەن n توخمە element و توخمەکانیش دەژمێردرێن ئەم ژماردنەش ناودەنێت presentation و دوای ئەوە ئێمە state of situation حاڵەتی ڕەوشمان هەیە ژێرکۆمەڵەیە و توخمەکانی بە $2^n$ یان representation ناودەبرێت*** کە هەمیشە توخمەکانی زیاترە لە توخمی کۆمەڵەکە. لە ڕوانگەی **بادیۆ**وە نواندنەوە شتێکی ئایدیۆلۆژی یان بە زمانی **لاکان** سیمبۆلییە، کە شتەکان لە ژێر سایەی یاسا یان "دالی گەورە" دەگۆڕێ بۆ هەمەکێکی ڕێک و خاوەن شوناس و سنورێکی دیاریکراو واتە دەیکات بە "واقعیەت". (فرهادپور، ١٣٨٤، ٦٦) هەر بۆیە سەبارەت بە سیاسەتی یاسادانان و نۆرمسازی بادیۆ لە ڕێگەی ئەم تیۆر ئاماژە بەوە دەکات هەمیشە لە نێوان ژێر کۆمەڵەکاندا کۆمەڵەیەک هەیە هیچ ناونیشانێکی نییە و تەنیا دەژمێردرێت، ئەمەش دەبەستێتەوە بە ڕۆڵی یاسا کە چ شتێک ڕێگەپێدراو و نۆرماڵە و حساب بۆ کراوە و چی نا. (بدیو، ١٣٨٩، ٣٨١) واتە ڕاستە ئەم کۆمەڵە یان بەشەی کۆمەڵگا یان کۆمەڵە دەژمێردرێت و سەرژمێری دەکرێت، بەڵام حسابی بۆناکرێت.

بەم جۆرە بە شێوەیەکی گشتی لای بادیۆ هەمو فرەیەکی نوێندراو ڕەوشە و هەمو ڕەوشێک بونیادمەندە و ڕەوش بە هەمو فرەییەکی نمایشکراوی هەماهەنگ دەوترێت، بەڵام لە هەمان کاتدا نواندن خاڵی بەرانبەری فرەی ناهەماهەنگە (غیر منسجم)، چەمکی نواندن لەلایەکەوە لەگەڵ فرەیی لە پەیوەندی دایە و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ بونیاد ویەکژمێری account-as-one حەڵقەی لێکبەستنی نواندن و چەمک پێشو ڕەوشە. (هاشمیان، سەرچاوەی پێشو، ١٦٢-١٦٣) بۆ نمونە دەوڵەت state کۆمەڵەیەکی نەگونجاو و نارێک لە تاک یان توخمی مرۆیی لە ڕێگای حیکایەتی خەیاڵی-ئەفسانەیی یان ئایدیۆلۆژی دەگۆڕێ بۆ گشتێکی ڕێکی وەک کۆمەڵگا یان دەوڵەت یان نەتەوە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەمیشە ئەم یەکخستنە لەسەر بنەمای بەلاوەنا و دەرکردنی هەندێ ژێرکۆمەڵە یان توخم دادەمەزرێ، واتە سەرەڕای ئەندامبون لە ڕەوش یان (نواندن) کەچی لە حاڵەتی ڕەوش یان (نواندنەوە) و نوێنەرایەتی ئامادەیی نابێت و ئەمەش وەک بۆشایی یان چاڵێک لە کۆمەڵە گشتییەکەدا دەردەکەوێت، ئەمەش واتە ئەندامەکان لە پانتایی سیمبۆلی دەردەکرێن و حسابیان بۆ ناکرێت. بەم جۆرە هەمو حاڵەتێک پێویستی بە لانیکەم توخمێکی زێدە excessive هەیە کە سەرەڕای ئەوەی بەشێکە لە ڕەوشەکە بەڵام "حسابی بۆ ناکرێت". (بۆ نمونە لە ڕەوشێکی کۆمەڵایەتی تایبەت دا خەڵکی ڕەشوروت وەک


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

بەشـێک لە پەیکەری کۆمەڵگا حسـابیان بۆ ناکرێت) ئەمە نمایانە presentation بەڵام نوێنەرایەتی ناکرێتەوە re-presentation. بۆ نمونە هەر وەک بـادیۆ دەڵێت هەمو فۆرمێکی کۆمەڵگا ئەوەی کە بە ئەندامەکـانی دادەنرێت، بە شـێوازی جۆراوجۆر دەژمێرێت، شـێوازێکیان ژمارەییە و بۆ نمونە بەریتانیا ٦٣،٧ ملیۆن کەسـە، بەڵام ئەمە گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە شـــێوازی پۆلێنکردنی تاک یان گروپەکانە وەک "کرێکاران" و "قوتابیان" و "کۆچبەران" و "خانەنشینان" و هتد. (هریستون، هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە)

لەم دیدگایەی **بادیۆ** کە ژیژەکیش تەبەنی دەکات دەردەکەوێت، کە دەوڵەت هەرگیز بەشـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت و شـەفاف کۆمەڵگا نانوێنێتەوە (نوێنەرایەتی ناکات) ئەمەش خاڵی بەرەنگاری دروسـت دەکات کە لە ڕوداودا خۆی بەیاندەکات. ژیژەک پێیوایە هەندێ جار لە ناکاو ڕوداوێ ڕوودەدات کە دەتوانرێت بوترێت لە هیچەوە ســـەرهەڵدەدات Ex nililo، بەڵام ئەوە بەو مـانـایە نییە ئەم ڕوداوە لە دەرەوە دێت، بەڵکو (ڕوداو event) خۆی بەچاڵەکانی ڕەوشەکە و ناهاوتایی زاتی ڕەوشەکە و (یان زێدەوە) دەنوسێنێت و حەقیقەتەکەی دەردەخات، بۆ نمونە شـۆڕشـی فەرەنسـا ڕوداوێکە لە زێدەیی و ناهاوتایی ڕژێمی پێشـو واتە "فریودانەکانی" دەخاتە بەرچاو. (ژیژک، ١٣٨٤c، ١٩٩-٢٠٢) لێرەوە جەخت دەکاتەوە هەمیشـــە پەیوەندی لە نێوان نوندن و نواندنەوە یان ڕەوش و حاڵەتی ڕەوش، پەیوەندیەکی نایەکسـان و ناهاوتا و لەوێشـەوە پڕ لەململانێیە، چونکە دەوڵەت لە هەمەکیەتی خۆیدا نایەوێت نوێنەرایەتی چین یان ژێرکۆمەڵەکان قبوڵبکات وبەم شـێوەیە بەشـێکی گەورەی کۆمەڵگا دەردەکرێت و هاووڵاتیان ئاوارتە دەکرێن و هەر ئەمەشـە دەبێتە هۆی فراوانبونی کەلێن یان درزی ناو هەمەکەکە و دەیشـکێنێ. بەم جۆرە هەرچەند سـیسـتەم وەک هەمەک (کل) دەربکەوێت و لە ڕێگای هەمو میکانیزمەکانەوە لە خەیاڵی تاک و گشـت و لە گوتاری باڵادەسـتدا خۆی بەرهەمبێنێتەوە، بەڵام ناتوانێ زاڵ بێت بەسـەر ئەو ئەنتی تێزەی لە هەناویدا کاردەکات و جوڵەی پێدەبەخشـێت و بەرەو گۆڕانی دەبات، هەربۆیە ئەوەی لێرەدا گرنگە لای بادیۆ و ژیژەک و لەفەلسـەفەی سـیاسـیدا تەوزیفیان کردوە بونی کۆمەڵەی بەتاڵە Ø کە هیچ توخمێکی نییە لە نواندنی فرەییدا، چونکە هەمو کۆمەڵەیەک ژێرکۆمەڵەی هەیەو هەمو ژێر کۆمەڵەیەکیش توخمی کۆمەڵەیەکە، بەڵام کۆمەڵەی بەتاڵ هیچ شـتێک نانوێنێت، کۆمەڵەی بەتاڵ ژێر کۆمەڵەی هەمو کۆمەڵەکانە، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ توخمێکی نییە هەر بۆیە نانوێنرێت و نمایش ناکرێت و سـەربە هیچ فرەیەکی نوێنراو نییە. (Badiou, libd, 89) کۆمەڵەی بەتاڵ مەترسییەکە هەمیشە هەرەشە لە ڕەوشێک دەکات شـوێنگەی بەتاڵ هەمیشـە لە ژێر فرەکان یان بەشـەکانی ڕەوش دان، پرسـی زێدە ئەوە ئاشـکرا دەکات کە هەمیشـە و لە هەمو ڕەوشـێکدا ژێر فرەی ئەوتۆ لەئارادایە، هەرچەند وەک پێکهاتەی فرەکان لە ڕەوشـێک دان، لێ ناژمێردرێن هەر بۆیە بونیان نییە. (Badiou, op.cit., 97)

لە زۆربەی سیستەماکاندا بەپاساوی جیاواز دەوڵەت/دۆخ state هەمیشە نکۆڵی لە کۆمەڵەی بەتاڵ دەکات چونکە هەر کاتێ قبوڵی بکات، هەماهەنگی دۆخەکە توشـی تێکچون و شـڵەژان دەبێت. فرەکان لە ڕەوشـدا دژمێردرێن و دەنوێندرێن، ئەگەر لە دەوڵەت/دۆخیشدا بژمێردرێن ئەوا دەوترێت دەنوێنرێنەوە یان نوێنەرایەتی دەکرێنەوە representation، بەڵام زێدە، ئەو فرەیەیە کە لە ڕەوشـدا نانوێنرێت کەچی نوێنەرایەتی دەکرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

(Badiou, op.cit., 99) بەم جۆرە لەلایەک کۆمەڵەی بەتاڵ لە هزری بادیۆ دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بەهێز بۆ تێگەیشتنی ژیژەک لە درز یان کەلێن لە هەمەکیەتی هیگڵ کە ئەمەش سیستەم توشی شڵەژان دەکات و لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵەی بەتاڵ واتە بەشێکی زۆری کۆمەڵگا کە لە ڕێگای پۆلێنکردنیان بەجۆرێک کە ناتوانێ لە حاڵەتی ڕەوشدا دەربکەوێت و تەنیا لە ڕێگای دەزگا فۆرمالەکانەوە نوێنەریەتی دەکرێت هەر بۆیە بۆ تێکدانی ئەم دۆخە، بادیۆ لە هەناوی چەمکی ڕوداو و ژیژەک لە دوتوێی چەمکی کردە جەخت لەسەر پارێزگاریکردن لە گۆڕانی ڕادیکاڵی دەکەنەوە لەناو سیستەمدا.

## 3- گۆڕان و کەلێنی ناو سیستەم

ژیژەک بە پێچەوانەی تێگەیشتنی فۆکۆ بۆ پەیوەندی نێوان دەسەڵات و بەرەنگاری، پێیوایە هیچ کاتێ بەتەواوی ئەگەری گۆڕان لەناوناچێت و سیستەم ناتوانێ بگات بە یەکانگیری تەواوەتی خۆی «هەمیشە درزێک و تێرنەبونێکی ئەبەدی و تاریکییەکی ناوەکی دەمێنێتەوە کە سیستەم پڕ دەکات لە نادڵنیایی، وەک "نەفی" هیگڵ و "پرۆلیتاریای" **مارکس** و "ئوبێکتی بچوکی a" لاکان». (عەلی، ٢٠٢٠، ٤٣-٤٥) چاڵ یان کەلێنی ناو سیستەمە کە هەمان کۆمەڵەی بەتاڵە دەبێتە هێزێک بۆ دەرچون لە دەسەڵاتی سیستەم و ئەمە بەراورد دەکات بە ناخودئاگا (اللاوعی) **فرۆیدی**، هەربۆیە ڕاڤەی **لاکان** بۆ کەلێن و سوبێکتی بێ سەنتەر پەسەند دەکات؛ پێیوایە هەلومەرجی گۆڕانی ڕادیکاڵ لە سیستەمدا پێویستی بە تێکدانی پانتایی سیمبۆلییە. (شیهان، سەرچاوەی پێشو، ١٣٣) کە هەر ئەم پانتاییە کە مانەوە و واقعیەتی سیستەم بەرهەم دێنێت و ئەمە بە باشترین شێوە لە سیستەمی سەرمایەداری بەرخۆری هاوچەرخدا خۆی بەیان دەکات، سەرەڕای بەگەڕخستنی هەمو تواناکانی لەسەر ئاستی سایکۆلۆژی و لیبیدۆیی و دەستکاریکردنی چێژی تاکەکان و لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش لەدیزاینکردنی واقعییەت، هەر بۆیە بەپێی ژیژەک خودی کۆمەڵگای سەرمایەداری بازنەیەکی دانەخراوە و درزێک لە ناوەڕاستی دایە و دەبێتە خەرەندێکی دانەخراو، بەهەمان شێوەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئارەزو کە هەمیشە درزی تێدەکەوێت. (عەلی، ٢٠١٩، ٢٤-٢٥) ئەمەش واتە سوبێکت بەردەوام بە دوای دەرفەتی تر و خواستی دیکەدا دەگەڕێت کە کۆتایی نایەت، و ڕەنگە ئەمەش هاوتای "شەوی جیهانی" **هیگڵ** بێت، کە تێیدا مرۆڤ وەک ئەو پانتاییە تاریکە سەیر دەکات کە لەهەناوی خۆیدا ئەگەری بێکۆتایی هەڵگرتوە، شەوی جیهانی هیگڵ شەوێکە کە نەفی ئەبستراکتی ڕەها (المطلق) پیشان دەدات، و بەم جۆرە وەسفی دەکات: «مرۆڤ ئەم شەوەیە، ئەم هیچە بەتاڵەیە کە هەمو شتێک لە ڕاشکاوی و سادەییەکەی لەخۆدەگرێت، کۆمەڵێکی بێ کۆتایی لە وێنا و وێنە. ئەم شەوە ئەم پانتاییە ناوەکییەی سروشتە کە لێرەدا لە نەفسی پەتی، لە بۆچون و وێنای وەهماویدا بونی هەیە و دەوران دەوری نەفس دادەپۆشێت». (Hegel,1974, Verene, 1985, 7) ئەمەش واتە تێپەڕین لە سوبێکتی سروشتی و پێش کۆمەڵایەتی بەرەو کولتور و کۆمەڵگا و ژیژەک ئەم شەوە بە دابڕان لە هەمو پەیوەندییەکان لەگەڵ جیهانی بابەتی، نەفی شتەکان و نەفی جەستە، نەفی ئەو شتەی دابەشنابێت و بەهێزی نەفیکردن، بونیاتنەوەر و تێکدەری هێزی خەیاڵ دەخوێنێتەوە، کە دەبێتە بەرەبەیانی"بەمرۆڤ بون" و دروستبونی سوبێکت.(Robert, 2008,6)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کێ دەتوانێ نوێنەرایەتی ئەم کەلێن یان درزە بکات و دژی سیستەم بەکاری بێنێت؟ بیرمەندانی پۆست ئاڵتۆسێری (وەک بادیۆ و ژیژەک و ڕانسیەر و هتد) پێیانوایە لە نێو ژمارەیەکی زۆری ئەکتەرە سیاسییە واقعییەکاندا یەک دانەیان خاوەن ماف و حەقی تایبەتە و ئەویش هەر ئەو "زێدە" کە سیستەم فڕیدەداتە دەرەوە. **لە ڕوانگەی ڕانسیەر** سیاسەت کاتێ بونی هەیە کە سیستەمی سروشتی دەسەڵات، بە هۆی دەزگای "**بەشی بێ بەش"ەوە** توشی دابڕان بێت، ئەم دەزگایە هەمو سیاسەت وەک فۆرمێکی تایبەتە لە پەیوەندیگرتن، کە بواری هاوبەش وەک جڤاکێکی سیاسی لێکدەداتەوە، واتە جڤاکێکی دو لەت، کە لەسەر زوڵمێک یان هەڵەیەک دامەزراوە کە لە حسابی ئالۆێر و چاکسازیدا ناگونجێت. (ڕانسیر،١٣٩٢، ٢٢) کەواتە زوڵمەکە لە دیدی ڕانسیەر لە ڕێگای دابەشکردنی سامان چارەسەر نابێت، بە ڵکو خەڵک وەک کەلێنێک دەمێنێتەوە کە کێشەی لەگەڵ چەمکی ئارخێ arkhe یان حوکمدا هەیە و بە بەتاڵی دەمێنێتەوە بۆ ململانێ. لێرەدا لە ڕوانگەی ژیژەک تێڕوانینی **بادیۆ** بۆ زێدە وەک پانتایی دەرکەوتنی سیاسەت و بواری سیاسی لە وێنای ڕانسیەر وەک "بەشی بێ بەش"ی کۆمەڵگا زۆر نزیکە، فۆڕمێکی ئەفلاتونی تری سیاسەتە کە لە سەر بنەمای فۆڕمێکی هەمەکی و یونیڤێرسالی بیرکردنەوە دامەزراوە. (ژیژک، ١٣٨٤b، ٤٦٢) بادیۆ لە وتاری "**سیاسەت: دیالێکتیکی نا بەیانگەر**politics: a non- Expressive Dialectics" هاوڕایە لەگەڵ ژیژەک کە خەباتی سیاسی و شۆڕش بەرەنجامی بونیادەکان نین، بەڵکو پەیوەستن بە چرکەساتەکانەوە، نیشانەی چڕبونەوەی دژایەتییە کۆمەڵایەتییەکانە، هەربۆیە تاقانەیە singular و هەمەکییە universal، تاقانەیە چونکە چرکەساتێکی پەتییە و هەمەکییە چونکە خەسڵەتی جۆرێک دژایەتی بونیادی کەشف دەکات. (بدیو، ١٣٨٩، ٣٧٥) و تەنیا ڕوداو وەک شتێکی نەژمێردراو بە دروستکردنی بۆشایی یان چاڵێک لە شتی بێ کۆتاییدا و هێنانەئارای حەقیقەتێکی هەمەکی و ئەبەدی ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێ و ڕەوشی هەنوکەیی کە لەسەر بنەمای چەوساندنەوە دامەزراوە تێکدەدات. ژیژەک پشت بەم بۆچونەی بادیۆ دەبەستێت کە حەقیقەتێکی هەمەکی بونی هەیە و هیچ پەیوەندی بە تێگەیشتنی سنورداری تاکەوە نییە، ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان سوبێکت و حەقیقەتدا هەیە، بەڵکو حەقیقەت تەنیا پەیوەستە بە ئیمانی وەفادارانەی سوبێکت بە حەقیقەت/ڕوداو، تاک بەهۆی وەفادارییەوە دەبێتە خزمەتکاری ڕوداو، بەڵام خودی ڕوداو تەنیا بۆ سوبێکتی پابەند و ملتزم وەک ڕوداو خۆی دەدەخات. (ژیژک، ١٣٨٤c، ٢٢٥) تەنیا گەڕانەوە بۆ بڕیارێکی پێشوەختە سەبارەت بە حەقیقەتە دەتوانێ نیشانەکانی ڕوداوی تایبەت بە ڕەوشێک دیاری بکات و هەربۆیە، ڕوداو هەڵگری خودێتی subjectivityیە؛ بەم جۆرە حەقیقەتی زەینی ئێمە حەقیقەتێکە کە بە وردی بابەتییەکەیfactual accuracy ناپێورێ، بەڵکو بە کاریگەری دروستکردن لەسەر ڕەوشی سوبێکت هەڵدەسەنگێنرێت. (گری، سەرچاوەی پێشو، ١٥) هەر وەک ڕانسیەر دەڵێت: «حەقیقەت بەهیچ شێوەیەک کۆکەرەوەی مرۆڤەکان نییە و خۆی نادات بەدەستەوە، حەقیقەت لە ئێمە سەربەخۆیە و تەسلیمی پارچە پارچەیی ڕستەکانی ئێمە نابێت، بەخۆی و پشت بە خۆی هەیە، ئەو شتەیە کە هەیە نەک ئەوەی دەگوترێت». (ڕانسیەر، ٢٠١٥، ١٠٤)کەواتە قسە و تێڕوانینی ئێمە ڕێژەییە و گۆڕاوە نەک حەقیقەت، زمان یان زمانەکان حەقیقەت پارچەپارچەدەکەن و گۆشەنیگاکانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

دەیگۆڕن، ئەوەش بەمانای ئەوەیە نکۆڵیکردن لە حەقیقەت واتە نکۆڵی کردن سیاسەتی ڕاستەقینە. هەر بۆیە بادیۆ پێیوایە هەمو حەقیقەتێک ڕوی لە هەموانە بەڵام سەبارەت بە سیاسەت، هەمەکیەت بەشێکی زاتیی ئەوە و سیاسەت تاکە ڕێگای حەقیقەتە کە تەنیا لەڕوی دەرەنجامەکەیەوە ژانریک نییە، بەڵکو لە ئاوێتەکردنی لۆکاڵی سوبێکتی خۆیشی ژانریکە، ئەمە لە کاتی دەرکەوتنی کۆمەڵەیەکی بێ ناونیشان و حساب بۆ نەکراو دەردەکەوێت و بایۆ بە Generic set ناوزەدی دەکات و پەیوەستی دەکات بە مرۆڤی جۆری **مارکس** کە یەکێک لە دەرفەتەکانی مرۆڤی گشتییە Generic Humanity بە مانا پۆزەتیڤەکەی. (بدیو، سەرچاوەی پێشو، ٣٨٢) کەواتە حەقیقەتی یونیڤێرساڵ پەیوەستە بە ڕەوشێکی دیاریکراو، کاتێ پرسی تەڕد و دەرکردنی گروپێکی تایبەت دەبێ بە بەشێک لە کێشەیەکی گەورەتر و لێرەش دا حەقیقەت بریتی نییە لە پرۆسەیەکی ماتماتیکی لە کەم کردنەوە وکۆکردنەوەی نێوان حەقیقەتەکان بۆ گەیشتن بە حەقیقەتێکی یەکگرتو کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە هاوسەنگکردنی هەمو وردە حەقیقەتەکان هاتبێتە ئاراوە، کە لە جۆرێک لە ڕێککەوتن و سازان پێکهاتبێت، بەڵکو هەر وەک ژیژەک دەڵێت: «ناتوانین بڵێین نازییەکان حیکایەتێک دەگێڕنەوە و جوەکان حیکایەتێکی تر، ناتوانین بڵێین تەنیا گوناهی نازییەکان سەرکوتکردنی حیکایەتی ئەوانیتر بوە، بەڵکو یەهودییەکان لە حاڵەتی بەیانکردنی حەقیقەتێکی یونیڤێرساڵی ڕەوشەکە دان». (دالی، سەرچاوەی پێشو، ١٩٣)

بەم جۆرە لە ڕوانگەی ژیژەک سەرەڕای هەمو هەوڵێکی پۆست مۆدێرنەکان بۆ پێشاندانی فرەیی حەقیقەت، بەڵام لەناو وەفاداربون بە حەقیقەتی ڕوداو وەک بەشێک لە پرسێکی وجودی مرۆڤ بۆ حەقیقەتی هەمەکی خۆی دەردەخات، بۆ نمونە ئەنفال یان کارەستی یەزیدییەکان وەک تراژیدیایەک لەدەرەوەی ژمارەی قوربانیان و هۆکارەکانی کارەساتەکەی دەوەستێت و ناچێتە بواری سازشەوە، چونکە لەوێدا حەقیقەت بەتەواوی ئاشکرایە، هەر بۆیە ژیژەک بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ دژی "ژمارەیەکی زۆری حەقیقەت" یان "دەرکەوتەکانی حەقیقەتن. حەقیقەت پێشهاتە (حادث) و پەیوەستە بە ڕەوشێکی مێژویی دیاریکراو و کۆنکرێتی، حەقیقەت، حەقیقەتی ڕەوشەکەیە و تەنیا یەک حەقیقەت بونی هەیە. ئەو حەقیقەتەی لەگەڵ فۆرمیولەبون و مانیفێست بونی خۆیدا، وەک نیشانەی خۆی و هەروەها نیشانەی درۆی ئەو پانتاییە دەجوڵێتەوە، کە لەلایەن ئەم حەقیقەتەوە تێکدراوە. (ژیژک، سەرچاوەی پێشو، ٢٠٣) هەر بۆیە حەقیقەت بە ڕوداوێکی دەرەبرپیار دەستپێدەکات و لەلایەن سوبێکتێکی سنوردارەوە ڤالادەکرێت، گەردونییە universal نەک هەندەکی particular لە ڕەوشی خۆیدا، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە دەبێ هەمو حەقیقەتێک بەزۆر زاڵ بکرێت، بەڵکو سەپاندن forcing دەیکات بەشتێکی مەترسیدار. (بدیو، ٢٠١٣، ٧) هەربۆیە ژیژەک سەپاندنی جۆرێک لە حەقیقەت کە توخمی وەفاداری خەڵکی تێدا نییە لەلایەن ڕژێمە تۆتالیتارەکانیش دەسەپێنرێت، تەنیا بە دەرکەوتەیەکی حەقیقەت و عەقیدەیەکی دڵخواز دەزانێت، کە ئەرکەکەی هیچ نییە جگە لە شەرعیەتبەخشین بە بڕیاری پراگماتیکی دەسەڵاتدارەکان. (ژیژەک، ١٣٨٤a، ٣٤٩) هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ڕوداوی ڕاستەقینە و دەرکەوتەکەی (تجلیات) پەیوەستە بە شێوازی پەیوەندی نێوان ڕوداو و ڕەوشێک کە ڕوداو حەقیقەتەکەی بەیان دەکات. (ژیژک، ١٣٨٤c، ٢١٦) واتە کاتێ ڕوداو ڕودەدات ڕەوشەکە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی و لە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

بونیادەوە دەگۆڕێت، هەربۆیە جیاوازە لە جوڵە و جێگۆڕکێ، کاتێ بە پاسـاوی بونی پشـێوی دەیەوێت وەک ئەڵتەرناتیڤ دەربکەوێت، بەڵام لەڕاستیدا دەبێتە پارێزەری ڕەوشـی هەنوکەیی، هەر بۆیە لە دیدی ژیژەک ئەمە نیمچە ڕوداو یان دەرکەوتەیە. «ڕوداوێکی ڕاسـتەقینە لە ناخی چاڵی ڕەوشـەکەوە سـەردەردێنێت، ڕوداو بە توخمی نەژمێردراوی element surnumeraire ڕەوشەکەوە دەچەسپێت، واتە ئەو توخمەی هیچ شوێنێکی نییە، ئەگەرچی وەک سـیمپتۆم دەردەکەوێت». (هەمان سـەرچاوە، ٢١٩) ئەم هەوڵە تیۆرییە ژیژەک بە یارمەتی بادیۆ و **ڕانسـیەر** بۆ ئەوەیە بیسـەلمێنێت کە ئەوەی وەک حەقیقەت دەدەکەوێت، لە ناو واقعیەتی ڕوداودا مانا وەردەگرێت و خەڵک یان هەمان بەشـی بێ بەش یان زێدەی سـیسـتەم دەتوانن وەک مافێک کە ڕەهەندێکی ڕەسـەنی هەیە بەدەسـتی بێنن، کە دەتوانن نەک بە پشـت بەسـتن بە ڕابردو، بەڵکو بە ئایندە ململانێی لەسـەر بکەن. لێرە ژیژەک بۆ تێزەکانی والتر بنیامین دەگەڕێتەوە. بنیامین لە **"چەند تێزێک سەبارەت بە مێژو"** سەبارەت بە حەقیقەت دەڵێت: «ئەوەی ئێمە لە مێژو وەک زنجیرەیەک ڕوداو دەیبینین، لە ڕاسـتیدا کارەسـاتێکە کە بەردەوام وێرانەکانی لەسـەریەک کۆبوەتەوە، لەسـەر ئەمە کاولسـتانە هیچ دورسـت نابێت و ئەوەی ئێمە بە پێشـکەتن ناوزەدی دەکەین لە ئاییندە دایە». (بنیامین، ١٣٧٥، ٣٢١-٣٢٢) ئەمەش واتە بونی سـوبێکت و تێگەیشـتن لە خۆی و شـوێنگەی خۆی و ڕاوەسـتان دژی ئەوەی وەک حەقیقەتی مێژویی پێشـانی دراوە. ئەم ڕاڤەیە بۆ حەقیقەت لە دیدی ژیژەک کە هەمان حەقیقەتی سـیاسـییە، لەسـەر حەقبونی سـوبێکت لە ڕەوشـی ئاگایانەی خۆیدا بەجۆرێک وێنادەکات، کە هیچ گومانێک لە سەر ڕاستبونی ناهێڵێتەوە.

بەم جۆرە ژیژەک پێیوایە ئەوەی ڕوداوی حەقیقەت ئاشکرا دەکات، نادادپەروەری و کەموکوڕی پەراوێز یان لاوەکی نین، بەڵکو پێویستییەکانی خودی بونیادی سیستەمەکەن، کە لە خودی خۆیدا "گەندەڵە" هەر ئەوەیە کە لە نەریتی فرۆیدی –**مارکس**ی دا بە سـمپتۆم یان نیشـانەی نەخۆشـی ناودێر دەکرێت. (ژیژک، ١٣٨٤C، ٢٠٤) کەواتە وەک بادیۆ دەڵێت گەندەڵی دەرکەوتەی بونی خەلەلێکی جدیە لە سـیسـتەمەکەدا، کە بوتە بەشـێک لە وجودی زاتی ئەو، ڕوداو تەنیـا بە هۆی دەسـتێوەردانی ڕاڤەگەرەوە (تـدخـل المفسـر) یـان تـاکی دەخیلەوە l'intervenant ممکین دەبێت، واتە کاتێ قسـە دەکات و کاتێ بڕیار دەدات سـەر بە ڕەوشـەکە بێت. (هەمـان سـەرچـاوە، ٢١٠) بەم جۆرە قەیرانە گەورەکان کە هەمیشـە وەک نەخۆشـی یان لادانی کاتی لەسیستەمەکە پێناسـە دەکرێن لە ڕاسـتیدا درز و کەلێنی زەروری سـیسـتەمەکە پێکدێنن و هەر لەوێشـەوەیە دواجار ئەگەری ئەوە هەیە لە ڕێگەی کردەیەکەی سیاسی ڕادیکاڵەوە سیستەمەکە بشکێت. ئەمەش جارێکی تر پەیوەندی نێوان بەشەکانی کۆمەڵگا و شێوازی دابەشبون و ژماردنیان دێنێتەوە بەر باس کە کامە هەمەکییە و کامە هەندەکە؟ ژیژەک پێیوایە کاتێ هەمەکیەت هەندەکی و هەژمونیزە دەکرێ هەمەکێکی ساختەیە، بەڵام کاتێ لە گشـتێکی کۆمەڵایەتیدا ژمارەیەکی زۆری خەڵک بەرچاودەکەون کە "لەخوار ئێمە"وەن- دەرکراوەکان یان پەراوێزییەکان- ئەمانە دەبن بە نوێنەری هەمەکیەت بەو مانایەی لێرە هەمەکیەت سـاختە نییە، بەڵکو ئەو شـتە بەرجەستە دەکەن کە لە هەمەکیەتەکەدا ساختە یان هەڵەیە. (دالی، سەرچاوەی پێشو، ٢١٤) ئەمەش ڕاڤەی ئەوە دەکات کە چۆن لە سـەردەمی ڕوداو یان شـۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکاندا، بەشـیک لە خەڵک کە ژمارەیان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

بە بەراورد بە کۆی گشتی دانیشتوان زۆر کەمە (بۆ نمونە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی مەیدانی تەحریر لە قاهیرە و بەغدا و هەمو شوێنێکی جیهان) دەبن بە نوێنەری هەمەکییەت.

ئەم دیدەی ژیژەک بۆ سیاسەت جارێکی تر بە مانای گەڕانەوەیە بۆ چەمکی هیگڵی "گەردونەتی کۆنکریتی concert universality " بەو مانایە کە هەمو دۆخێکی سیاسی تایبەت فۆرمێکی گشتی سیاسەت قبوڵ دەکات و بە داوی ئەم حوکمە، ئەم دۆخە ناتوانێ ڕێگەیەکی بێلایەن و هێڵێکی ناوەڕاست بێت کە داوەری لە نێوانیان بکات. (مایرز، سەرچاوەی پێشو، ١٧٢) .

## بەشی دوەم: سیاسەت وەک ئەنتاگۆنیزم

### 1 -ئەنتۆس و دیمۆس/ پۆلیس و پۆلیتیک

بۆ شیکردنەوەی جیاوازی نێوان چەمکە سەرەکییەکانی ناو سیاسەت بەشێوەیەکی گشتی ژیژەک دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ تێزی ڕانسیەر سەبارەت بە سیاسەت، کە زەمینە بۆ تێگەیشتنێکی نوێ بۆ ئەم چەمکە دەڕەخسێنێت.

ڕانسیەر لەدەرەوەی جیاکردنەوەی کۆنی نێوان پانتایی گشتی و پانتایی تایبەتی هەوڵدەدات لە ڕێگای دوانەیەکی ترەوە؛ دیمۆس/ ئەنتۆس، بینراو/نەبینراو، حیساب بۆکراو/حیساب بۆنەکراو، هەندەکی/هەمەکی، پانتایی سیمبۆلی-پۆلیس/ پانتایی واقعی – سیاسەت، کەموکورییەکانی سیاسەتی حەقیقەت پڕبکاتەوە. (سرخوش، سەرچاوەی پێشو، ل ١٠٩) لە دیدی ڕانسیەر بەگەڕانەوە بۆ مانا یۆنانییەکەی سیاست بەتایبەتی لای ئەرستۆ، سیاسەت لەو شوێنە دەست پێدەکات کە دەست لە هاوسەنگی نێوان سود و زیانەکان هەڵبگرین و لە بەرانبەردا نیگەرانی بواری هاوبەش و هاوسەنگکردنی پشکی تاکەکان بین لە بواری دەستەجەمعی و دیاریکردنی خاوەن مافبونیان، واتە هەمان (بەها) axiai یان ئەو ناسناوەی کە بەیارمەتی ئەوان، تاک مافی ئامادەبون لە کۆمەڵ بەدەست دێنێت. (ڕانسیر، ١٣٩١، ١٤-١٥ و RANCIERE, 1999 ) ئەمەش واتە هاوسەنگکردنی چاکەی گشتی و ناونیشان یان پێگەی کۆمەڵایەتی و ئەم بەهایانەی بەرهەمی دێنن و لە ویشەوە بەشێک لە دەسەڵاتیان پێدەدرێت. ڕانسیەر بۆ قسەکردن لەسەر ئەم تێگەیشتنە دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکرنی ئەرستۆ بۆ بنەمای فەزیلەت و بەها axiai کە هەر سێ سیستەمی حکومڕانیەتی لەسەر دادەمەزرێت، واتە سیستەمی **ئەرستۆکراتی** و **ئۆلیگاریشی** و **دیموکراسی**. ئەرستۆ پێیوایە دەبێ دو شت لە یەکتر جیابکەینەوە: یەکەم؛ ئەو ئامانجە چییە کە حکومەت لە پێناویدا دروست دەبێت؟ دوەم؛ شێوازی فەرمانڕەوایی و ڕێکخستنی ژیانی باش Good Life چەند جۆرە؟ هەر وەک ئاشکرایە ئەرستۆ جەخت لەسەر سروشتیبونی ژیانی سیاسی و بەرژەوەندی هاوبەش بۆ ژیانێکی باش دەکاتەوە، واتە ژیانی باش ئامانجی سەرەکی کۆمەڵگایە کە سێ جۆر ژیان دابین دەکات: **زیندوبون، ژیانی کۆمەڵایەتی** و **ژیانی باش**. (ارسطو، ١٣٥٨، ١١٦ و ارسطو، ١٩٥٧، ١٣١) لێرەدا ئەمە لە نەریتی فەلسەفی یۆنانیدا هەروەک ئاگامبێن ئاماژەی بۆ دەکات پەیوەستە بە تێگەیشتنی یۆنانییەکان بۆ ژیان، واتە zoe بەمانای ژیانی هاوبەشی نێوان بونەوەرەکان (ئاژەڵ و مرۆڤ و خواوەندەکان) و bios واتە شێوازی ژیانی تایبەت بە تاک و کۆمەڵ. (أغامبن، ٢٠١٧، ١٣) و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێویستە توێژینەوە لە سەر ماناکانی پێناسەی ئەرستۆ بکرێت بۆ شار بەو پێیەی دژایەتی نێوان ژیان و ژیانی باشە و لە ڕاستیدا ئەمە مسۆگەرکردنی یەکەمیانە لە دوەمیاندا واتە ژیانی ڕوت لە ژیانی سیاسیدا. (أغامبن، سەرچاوەی پێشو، ٢٠) ئەمەش جیاکرنەوە ڕونەکەی مرۆڤە لە نێوان بونەوەرێکی زیندو لە لایەک و بۆنەوەرێکی کۆمەڵایەتی سیاسی کە دەتوانێت ڕۆڵی هەبێ لە فەزای گشتی و بڕیارداندا، کە ئەمەش پەیوەستە بە پێگەی کۆمەڵایەتی. ئەرستۆ ئاماژەی بۆ دەکات ئامانجی سەرەکی کۆمەڵگای سیاسی، باش ژیان و پەروەردەکردنی هاووڵاتی چاکەخواز و دادگەرە، هەر بۆیە ئەمە لەخۆیدا پەیوەست نییە بە بەش و پشک لە پلە و پایەدا، بەڵکو لە پێناو ئەنجامدانی کاری گەورە و بەنرخە کە هەر ئەمە دەبێ ببێتە سەرچاوەی بەشی کەسەکان لە سیستەمی فەرمانڕەواییدا. ئەرگۆمێنتی ئەرستۆ ئەوە کە بنەمای ئەخلاقی سیستەمی ئۆلیگاریشی Oligoi یان کەمینە لەسەر **سامان** دامەزراوە و هی ئەرستۆکراتیەتیش لەسەر بنەمای **باشترین کەس** Aristtioi، ئەوە جگە لەوەی هەر حکومەتێک چاکەی گشتی بوێت ئەوا **پۆلیتی** politea یان **کۆمارە**. (ارسطو، ١٣٥٨، ١١٦-١١٩) کەواتە پرسیار ئەوەیە دیموکراسی لەسەرچی دامەزراوە؟ ئەمە ئەو خاڵەیە کە ڕانسیەر دەیکات بە چەقی بیرکردنەوەی سیاسی خۆی و ژێژەک هەوڵدەدات بە یارمەتی ئەو بیسەلمێنێ کە لەناو سیتسەمی کۆمەڵایەتیدا بەشێکی ڕەسەن و جەوهەری هەیە کە ڕۆڵی هەمەکی دەگێڕێت.

لە فەلسەفەی سیاسی ئەرستۆ فۆرمەکانی سیستەمی حوکمرانی بە جیاوازی بنەماکانیان گۆڕانیان بەسەرداددێت، **سامان** پێوەری ئۆلیگاریشیەتە و **ڕەچەڵەک** پێوەری ئەرستۆکراسیە و هەژاری و نەبونی بنەمای دیموکراسییەتە. بەڵام ئەرستۆ ڕای وایە «بەڕێکەوت هەمیشە دەوڵەمەندەکان ژمارەیان کەم و هەژاران ژمارەیان زۆرترە، سامان هەمیشە لەژێر دەستی گروپێکی بچوکی خەڵک دایە، بەڵام **ئازادبون** دەتوانێ هی هەموان بێت، هەر بۆیە بابەتی سەرەکی ململانێی ئەم دو گروپە پەیوەستە بە سامان و ئازادی». (ارسطو، سەرچاوەی پێشو، ١٢١) ئەمەش یەکێکە لە وردترین تێگەیشتنەکانی ئەرستۆ بۆ بنەمای ململانێی چینایەتی و هاوکات ئازادی دەکات بە بونیادێکی سەرەکی دیمۆس demos کە خۆی لەسەر دادەمەزرێنێت و هەر ئەمە دەبێتە بنەمای حکومەتی دیموکراسی کە خەڵک تێیدا باڵادەستە، هەر لە تێگەیشتنی ئەرستۆدا ئەمە دەرەنجامی کارلێک و ناکۆکی نێو کۆمەڵگا و بەرهەمی خەباتێک بو، کە خەڵک بە بەردەومی لە پێناو ماف و هەر وەک دەڵێت: «لەڕاستیدا سیستەمی کۆیلایەتی بۆ دیمۆس خراپترین ئەشکەنجە و هۆکاری سەرەکی ناڕەزایەتی خەڵک بو، چونکە ئەم چینە خاوەنی هیچ مافێکی کۆمەڵایەتی نەبو». (ارسطو، ١٣٨٣، ٦) بەم جۆرە دواجار ئەرستۆ لەسەر بنەمای ئەو لۆژیکەی کە کۆی سیستەمی فەلسەفی خۆی لەسەر بونیاتناوە دەگاتە ئەم بڕوایەی کە «ئەم بۆچونە کە حکومەتی جەماوەری خەڵک Plêthos باشترە لە حکومەتی گروپێکی بچوک لە خاوەن فەزیلەتەکان، پێدەچێت ڕاست و ڕەوابێت، چونکە جەماوەری خەڵک هەرچەندە یەک یەک خاوەنی فەزیلەتیش نەبن، بەڵام کاتێ لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە بە کۆ نەک تاک تاک لە گروپە بچوکەکە زیاتر خاوەن فەزیلەتن». (ارسطو، ١٣٥٨، ١٢٧) (ارسطو،٢٠٠٩، ٢١٥) و (ارسطو، ١٩٥٧، ص ١٤٤) ئەرستۆ لە کتێبی **دەستوری ئەسینییەکان** بە وردی باسی ئەوە دەکات کە لەسەردەمی سۆلۆن هەروەک پلۆتارک ئاماژەی بۆ دەکات


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

جیاوازی چینایەتی لە نێوان سەرمایە و هەژاریدا لە ڕادەبەدەر بو، هەر بۆیە هەردو لا خوازیاری **دابەشکردنەوەی زەوی** بون لەلایەن کەسێکی پاکەوە و هەر بۆیە باڵی دیموکراسی یان دیمۆس چاوەڕوانی ئەوە بون سۆلۆن دەست بکات بە دابەشکردنی گشتی زەوی. (ارسطو، ١٣٨٣، ١٧ و ٣٥) یان ئەوەی دواتر پریکلیس دەیەویست بکات واتە «دارایی خەڵک لە نێوان خەڵکدا دابەش بکات». (هەمان سەرچاوە، ١٠٩) ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی هەبو لەسەر ڕیزبەندی و پۆلێنی پێگەی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری سیاسی، چونکە دابەشکرنی زەوی یان ڕەهەندی ماددیانەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی کە دواجار دەبێتە بنەمای دەسەڵاتی سیاسی. لە دیدی ئەرستۆ حوکمڕانی سیاسی واتە حوکمڕانی، مرۆڤە یەکسانەکان و هاووڵاتیش واتە بەشداربون لە بواری حوکمڕانی و لە ژێر حوکم بونیش، واتە ناوێک بۆ سوبێکتێک polites هەیە کە لەمیانی بەشداربون mexexis لە جۆرێک کردە arhken حوکمرانی و لە هەناوی جۆرێک تەحەمولکردن کە بەپێی ئەم کردەیە بە archeshai لەژێر دەسەڵاتدا بون پێناسە دەکرێت، کەواتە سیاسەت پەیوەستە بە **بەشداربون.** (ڕانسیێر، ١٣٩٢، ١٨-٢٠) لە دیدی ڕانسیێرەوە لە کاتێکدا کە Demos (επιδείξεις) جەماوەری خەڵک لە Polis (Πόλις) دەوڵەت-شار)ی یۆنانیدا بون بە فاکتەرێکی ئەکتیڤ و خاوەن چالاکی ئەوا ئەو کات سیاسەت politics سەرییهەڵدا، هەربۆیە پێیوایە «ئەگەر سامان هەبونی شمەکە و بەرهەم بێت، ئەوا ئازادی دیمۆس بەهیچ جۆرێک خەسڵەتێکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو داهێنراوێکی پەتییە، هەر بۆیە دیمۆس لەرێگای بەرهەمهێنان لە شار polisدا دەبن بە بەشێک لە گشت و بەشدار لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و پاش هەڵوەشانەوەی کۆیلایەتی لە ئەسینا بون بە هۆکاری سەرهەڵدانی جۆرێک لە ئازادی». (ڕانسیر، ١٣٩١، ١٧) بەم جۆرە لە ڕوانگەی ڕانسیێرەوە ئەنتۆس گروپێکە کە ژیانی خۆی تەنیا لە دەوری بەرژەوەندی و بەها و ئەخلاقیاتی تایبەتی خۆی بەرهەم دێنێتەوە و لە بەرانبەر دا دیمۆس ئەکتەرە ڕاستەقینەکانی پانتایی سیاسەتن کە بەرژوەندی گشتیان مەبەستە و لە خودی خۆیدا هەمەکە. (Ranciere, 2004,54) ئەمەش پێناسەی جەوهەری سیاسەت دەکات مانا کلاسیکییەکەی واتە «هونەری ژیانی پێکەوە و هەوڵدان بۆ بەرژەوەندی گشتی، خودی ئەم پرەنسیپە واتە هەوڵدان و هونەر بریتییە لە جیاکردنەوەی ئاشکرای بواری گشتی و دونیا ئەنانیەتی و بێنەوای ژیانی تایبەت و بەرژەوەندی ماڵداری».(ڕانسییر، ٢٠١٢، ٣٣) لێرەدا بە پێچەوانەی **بادیۆ** کە سوبێکی سیاسی لە پانتایی سیمبۆلی دایە کە چاوەڕوانی ڕوداوە، لای ڕانسیەر کردەی ڕاستەقینەی سیاسی دەبێ لە هەناوی چاڵ یان هیچ یان واقعەوە سەرهەڵبدات و ئاراستەی پانتایی سیمبۆلی بکرێت، ئەو پانتاییەی کە ئەنتۆسی دەسەڵاتخواز تێیدا زاڵە و دیمۆس کە نوێنەری هەمەکە، هیچ سودێکی لێدەست ناکەویت. (سەرخوش، سەرچاوەی پێشو، ١٠٨) بەم جۆرە هەرچەندە گروپێک لە بینای گەورەی کۆمەڵگا دا هیچ پێگەیەکی جێگیر و دیاریکراویان نەبو، یان لە باشترین حاڵەتدا لە پێگەیەکی نزمدا بون، دەبوایە بێنە ناو پانتایی گشتی و دەنگیان وەکو چینی ئەرستۆکرات و دەسەڵاتداران دەبیسترا، واتە وەک گروپێک بە فەرمی دانیان پێدانرا، کە لە گفتوگۆی سیاسی و بەکارهێنانی دەسەڵاتدا بەشداریان دەکرد. (ژیژک، ١٣٨٤b، ٤٥٤)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

ژیژەک بەم جۆرە هەوڵی ڕانسیەر بۆ سیاسەت و سوبێکتی سیاسی بە هاوتاکردنی بەشی بێبەشی کۆمەڵگا لەگەڵ هەمەک (الکل) واتە تێکەڵکردنی ئەو بەشەی کۆمەڵگا کە هیچ پێگە و شوێنگەیەکی دیاریکراوی نییە لەگەڵ هەمەکیەتدا، ئەمەش گۆڕانێکی سیاسی گەورەیە لە تێڕوانین بۆ بەشە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگا و چەمکی "خەڵک" کە پێشـــتر زیادەیەکی نەبینراو و حســـاب بۆنەکراو بو، ئێســـتا لەســـەر بنەمای ئازادبون دەبێتە جەوهەری دیموکراسی و هەمەکیەتی سیستەم پێکدێنێت. بەم چەشنە لە ڕوانگەی ژیژەک سیاسەتی ڕاستەقینە، بەردەوام جۆرێکە لە پەیوەندی یەکجاو قەدبڕ short-circuit لە نێوان بواری گشـــتی و تایبەتیدا: پارادۆکســـی بورێکی تاقانە و نائاسـایی کە بە نوێنەرایەتی بوری گشـتی باڵا دەکات و سـەقامگیری سیسـتەمی وەزیفی "سـروشـتی" پەیوەندییە هەنوکەییەکان لە پەیکەری کۆمەڵایەتیدا تێکدەدات. (ژیژک، سـەرچاوەی پێشـو، ٤٥٥) لەدیدی ژیژەک ململانێی سیاسی هەمیشە لە هەناوی دژایەتی بونیادیدا ڕودەدات، دژایەتی نێوان پەیکەری بونیادنراوی کۆمەڵگا کە تێیدا هەر بەشێک پێگە و شوێنگەی تایبەت بە خۆی هەیە، ڕانسیەر ئەم مانایەی سیاسەت لە بەرگی polis لە ســـەرەتایترین مانای خۆیدا، واتە پارێزگاری لە ســـیســـتەمی کۆمەڵایەتی ناوزەد دەکات. ژیژەک پێیوایە یەکبونەی بەشـــی بێبەشـــی کۆمەڵگا لەگەڵ بواری گشـــتی یەکەمین هەنگاوی بەرەوپێش بردنی ڕەوتی بەسـیاسـیبونە و بەم مانایە سـیاسـەت و دیموکراسـی یەکێکن. (ژیژەک، هەمان سـەرچاوە، ٤٥٦) لێرەدا هەم ڕانسـیەر و هەم ژیژەک جیاوازییەکی بونیادی دەکەن لە نێوان هەردو چەمکی پۆلیس Polis (دەوڵەت-شـاری یۆنانی کە ئارێنت هاوتای دەکات بە ئازادی) و پۆلەتیک Politic واتە ســـیاســـەت. هێڵی جیاکەرەوەی نێوان polis (پاراسـتنی سـیسـتەمی هەنوکەیی) و سـیاسـەت politics (خسـتنە ژێر پرسـیاری هەنوکەیی) هەمیشـە تاڕادەیەک لێڵ و جێگەی مشتومڕ بوە. ئەمە یەکێکە لە تێزە گرنگەکانی ڕانسیەر کە ژیژەک بەوردی توێژینەوەی لەسەر دەکات، چونکە جێگۆڕکێی نێوان پۆلیتیک واتە بەشداری و چالاکی ئەوانەی دەنگیان نەبو، لەگەڵ پۆلیس کە هاوتای پێگە یان شوێنی دەوڵەت-شارە کە سنورەکان دیاری دەکات، واتە هەر لە یۆنانی دێرینەوە جۆرێک ململانێ لە نێوان ئەم دو چەمکە دا هەیە. سـیاسـەت بەمانای پۆلیس هەم وەک چەمک و هەم وەک پراکتیک لە فۆڕمی جیاوازی دەســـەڵاتداریتی دا دەردەکەوێت کە بۆ نمونە ژیانی دەســـتەجەمعی ڕێکدەخات لە کۆمەڵگا ســـەرەتاییەکاندا، یان لەگەڵ هاتنی مۆدێرنە پارتە سـیاسـییەکان دەبن بە ڕێکخەر و دیزاینەری دروسـتکردنی ئیرادەی گشـتی سـنوردار و تەنانەت لەمۆدێلی چەپی تەقلیدیشـدا سـیاسـەت لە پانتایی واقیعی دوردەکەوێتەوە، خاڵی هاوبەشـی هەمویان بریتییە لە نەهێشـتنی دیالیکتیکی ئەنتاگۆنیزمی کۆمەڵایەتی وەک جەهەری سـیاسـەت. هەروەک **لاکان** ئاماژەی بۆ کردوە سـیاســەتی خەباتگێڕ ڕێگایەکە بۆ بەگەڕخسـتنی هێزی تۆقێنەری نەرێیەتی negativity بەمەبەسـتی بونیادبەخشـینی سـەرلەنوێ بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان. (ژیژک، ١٣٨٤c، ٢٥٥) ژیژەک پێیوایە ئەمە لە فەلسەفەشدا ڕەنگدەداتەوە و لەڕاستیدا هەر لەو سەردەمەوە لە ڕوانگەی ئەو فەلسەفە شـوێنگەیەکی پاراالاکسـی هەیە و لەسـەردەمی پێش سـوکراتییەوە لە نێوان کەلێن و درزی کۆمەڵگا فەرمییەکان ســەری هەڵداوە کە لە ڕەوشـێکی پاراالاکسـیدا بون لەگەڵ هیچ کام لە شـوناســەکاندا نەگونجاون چ لە ڕوی ئابوری چ لە پۆلیس polis دا. (Žižek, 2006, 102) بەم شـــێوەیە بەجەختکردن لەم تێگەیشـــتنە تایبەتە بۆ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

سـیاسـەت بەمانا یۆنانییەکەی و گەڕانەوەی لۆژیکی ڕاستەقینەی ململانێی، ژیژەک هەوڵدەدات لە ڕێگەی شیکردنەوەی پۆلێنی ڕانسیەر بۆ فۆرمە باوەکانی سیاسەت تێگەیشتنێکی نوێ بۆ ئەم چەمکە بخاتەڕو بەم شێوەیەی لای خوارەوە. (ژیژەک، هەمان سەرچاوە، ٤٥٧-٤٥٨)

١-**ئارکی- سیاسەت** Archi-Politics: هەوڵی لایەنگرانی "ژیانی بەکۆمەڵ" لە ڕێگای پێناسەکردنی جۆرێک فەزای کۆمەڵایەتی هاوشێوەی بونیادێکی ئۆرگانیک، جۆرێک فەزای داخراوی نەریتی کە هیچ چەشنە بۆشایی یان پانتاییەکی بەتاڵ بەجێ ناهێڵێت، کە تێیدا ڕوداوێکی سیاسی چارەنوسساز ڕوبدات.

٢-**پارا- سیاسەت** Para-Politics: هەوڵدان بۆ لەسیاسەتخستنی سیاسەت، واتە بەلاوەنانی ڕەهەندە سیاسییەکان (لە پێناوی گۆڕینی بۆ لۆژیکی پۆلیسPolis) قبوڵکردنی واقعییەتی ململانێی سیاسی، بەڵام بە فۆرمیولەکردنەوەی سەرلەنوێی لەچوارچێوەی ڕکەبەرایەتی لە فەزایەکدا کە حزبەکان (ئەو ئەکتەرانەی کە وەک نوێنەری خەڵک دانیان پێدانراوە بۆ ئەوەی دەسەڵات و بەرپرسیاریێتی ئەدائی Performative بەشێوەیەکی کاتی بەدەستەوە بگرن. لە پێناوی ئەوەی دژایەتی ئەنتاگۆنیزم لە پانتایی سیاسەت دەربکرێ، بەیارمەتی ڕێسا و نۆرمی ڕاشکاو" شوێنێک بۆ هەڵچونی (فەوەرانی) پرجۆش و خرۆشی دادخوازی و سەرڕێژبونی لە سیاسەتی ڕاستەقینەدا ناهێڵێتەوە.

٣-**میتا-سیاسەت** Meta-Politics: یان سۆشیالیزمی یۆتۆپیایی واتە قبوڵکردنی تەواوەتی دژایەتی سیاسی، بەڵام وەک جۆرێک شانۆگەری کە تێیدا هەندی پرۆسێس ئەنجام دەدرێت کە لەڕاستیدا لەسەر سەکۆی شانۆیەکی تر (واتە شانۆی ژێرخانی ئابوری) ڕودەدات.

٤-**زێدە-سیاسەت** Ultra-Politics: ژیژەک وەک تەواوکارییەک بۆ ئەم دابەشکردنەی ڕانسیەر هەوڵدەدات جۆری چوارەمی سیاسەت زیاد بکات لە ژێر ناونیشانی زێدە-سیاسەت کە زیرەکانەترین و ڕیشەییترین شێوازی نکوڵی و ئینکاری لۆژیکی سیاسەتی ڕاستەقینەیە، واتە هەوڵدان بۆ لەناوبردنی هەمو ڕەهەندەکانی سیاسەتی دژایەتی لە ڕێگای توندڕەوییکردن تێیدا، بە پشت بەستن بە شێوازەکانی عەسکەرتاریەتی ڕاستەوخۆ و میلیتاریزەکردنی پانتایی سیاسەت. (ژیژک، ١٣٨٤b، ٤٥٨)

لە ڕونگەی ژیژەکەوە لە هەر چوار مۆدێلەکەدا، هەوڵێکی بەردەوام هەیە بۆ تەرمیمکردنی ڕەهەندی تەواو ترۆماتیک بواری سیاسی (واتە ئەو ئەزمونەی کە پشێوی (اضطراب) دروست دەکات و میکانیزمی بەرەنگاری هەڵدەبژێرێ. هەربۆیە لە دیدی ئەو سیاسەتی قەدەغەکراو لە پانتایی بواری واقیعی سەرهەڵدەدات لە پێناو دەرچون لە دژایەتی و هێنانە ئارای توندڕەوی درۆین یان ڕادیکاڵی ساختە لە چوارچێوەی جەنگی نێوان "ئێمە" و "ئەوان"ی دوژمن، دژایەتییەکی ڕاستەقینە کە پەیوەندی بە سوبێکتی ڕاستەقینە و چارەنوسی هەموانەوە هەیە، چونکە بەردەوام هەوڵی دەسەڵاتی سیاسی و ڕاڤەی بۆ سیاسەت لە چوار مۆدێلەکەی سەرەوەدا ئەوەیە، نمایش و سازان و پێکهاتنێکی ڕوکەشانە، وەک پەردەیەک بۆ داپۆشینی سیاسەتی ڕاستەقینە بەکاردێت. کەواتە سیاسەت بریتییە لە کارلێکی ئەنتاگۆنیستی نێوان چینە دژبەرەکان لە هەناوی سیستەمدا کە نەبەتەواوی دادەخرێت و یەکانگیر دەبێت و نە توخمە زێدەکان قبوڵ دەکات، بەڵام موفە بەپێچەوانەی ژیژەک "دەرەکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

دامەزرێنەر \Constitutive Outside بۆ شـوناس کە پێویستی بە بونی جیاوازییە Deffernace بە زەرور دەزانێت، واتە تێگەیشـتن لە ئەویتر Other کە دروسـتکەری "سـیمای دەرەوە Exterior" واتە ئێمە/ئەوان و دۆست/دوژمن و هتد، کە پەیوەستە بە ئەگەرەکانی سەرهەڵدانی ئەنتاگۆنیزم و پەیوەستە بە هەژمونییەوە کە هەر وەک لاکلاو دەڵێت دو سـیفەتی "مومکین بون Contingent" و دامەزرێنەری Constitutive هەڵگرتوە. (موفە، ١٣٩١، ١٩ و موف، ١٣٩٨، ١٨- ١٩) ڕەخنەی سەرەکی موفە لە گوتاری باڵادەستی لیبراڵ دیموکراسی وەک سەرهەڵدانیکی جیهانێکی بێ دوژمنایەتی، کە گفتوگۆ و کۆدەنگی دەتوانێ جیهانێکی پڕ لە ئاشتی دروست بکات، یەکسـانە بە دونیای پۆسـت-سـیاسـی post-political، چونکە شـتێک لە ناو دەبات کە جەوهەری دیموکراسی واتە "دیمۆس" خۆیەتی. (موف، سەرچاوەی پێشو، ٣٢) لە دیدی ئەو بچوکردنەوەی دیموکراسی بەرەو لیبرالیزم، سنوری نێوان ڕاست و چەپی شێواندوە و ئایدیای دیموکراتی لە کەناڵە سیاسییە تەقلیدییەکان ناتوانێ گوزارسـت لە خۆی بکات و "دیمۆس" واتە خەڵک کە بڕیاربو فەرمانڕەوا بێت، کەوتوەتە ژێر چەمکی "زۆمبی" هەر بۆیە ئەو پێیوایە ڕۆژئاوا ئێستا لە کۆمەڵگای "پۆست-دیموکراسی" دایە. (Mouffe, 2016) ئەمە لە جیاتی یارمەتی "بەدیموکراتیکردنی دیموکراسـی" بکات، دەبێتە سـەرچاوەی گەلێک کێشـە چونکە ئایدیا سـەرەکییەکانی لیبرالیزم «بە ئارسـتەی دیدگایەکی دژە-سـیاسـی چوتەپێش و ڕەهەندی دوژمنایەتی و ئانتاگۆنیزم کە پێکهێنەری بواری سـیاسـییە بەلاوە نراوە». (موف، هەمان سـەرچاوە، ل ١-٢) ئەمە واتە وێناکردنی جیهانێک کە بەسـەر دژایەتییە ناوەکییەکانی خۆیدا زاڵ بوە و پەیوەندییە سـیاسـییەکان چیتر وەک ئەنتاگۆنیزم دەرناکەون. شۆڕشی دیموکراتی جەخت لەسەر "شوێنگەی نوێ" ی سوبێکت و "هەستی هاوبەش" و "دەسـتکاری شـوناس"ە لە جومگەبەندی هەژمونیدا. (موفە، ١٣٩٢، ٣٨) ئەمەش واتە تێکدانی پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان چینەکان و زاڵکردنی یەک چین وەک براوەی مێژوی، هەر بۆیە موفە ئەمە بە "ئۆلیگاریشـی بون" ناوزەد دەکات (Mouffet, Iibd) کە دەتوانین هەنگاوێک زیاتر ئەمە ببەینە پێش و بە "فیۆدالیزمی نوێ" ناوزەدی بکەین سـەردەمی کوتلە نەیار و دژبەر و ئابوری بەدەسـتەکانە لەسـەر ئاسـتی خۆجێی و جیهانیدا. لەبەرانبەر ئەمەدا پرسـیار ئەوەیە، ئایا چەپ دەتوانێت چەمکی "خەڵک یان دیمۆس" دابهێنێتەوە، هەروەک چۆن ڕاست و ڕاسیستەکان، بە هۆی گوتاری دژە ئەویتری کۆچەر و پەنابەر و بە یارمەتی گوتاری ترس، توانیویانە بەشـێک لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و سـودی سـیاسـی لێوەرگرن. موفە پێیوایە بەڵێ دەکرێت جۆرێکی تر خەڵک یان "دیمۆس" کە بڕوای بە بەهاکانی یەکسـانی و دادپەروەری هەبێت دروسـت بکرێت. ئەمەش واتە لەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کە بەجۆرێک بەرهەمهێنەری بواری سـیاسـییە هەمو ئەگەرەکانی دەرکەوتنی دەسـەڵاتی هەژمونی لە فۆرمی جیاواز دا لە نێوان گروپە جیاوازەکاندا لە ئارادایە. هێزەکان هەوڵدەدەن گوتاری سـیسـتەمەکە بەشـێوازی تایبەت بەخۆیان لە ڕێگای جومگەبەندی هەژمونی دابمەزرێنن و هیچ تێزێکی کۆتایی بونی نییە. ژیژەک پێیوایە ئەمەش واتە گەڕانەوە بۆ فۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی پێش سیاسـەت کە ئەرکە سـەرەکییەکەی بریتییە لە حاڵەتێکی بەرەنگاری بۆ ئەوەی خۆی لە پشـێوی و شـۆک بپارێزێت. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو لە سیسـتەمە تۆلیتارەکان بە کارەسـتا کۆتایی دێت، چونکە ئەوان لە ڕێگای



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

مەراسیمی دینی –سیاسییەوە وا دەکەن سیاسەت ڕەهەندێکی ئیستاتیکی هەبێت و زێدە- ئایدیۆلۆژیا جۆرێک لە خەیاڵ و سەرمەستی دروست دەکات کە دواجار بەشێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ، ئە پێیوایە بەشی ترسناکی نازیزم بە سیاسیکردنی هەمو ژیانی کۆمەڵایەتی نەبو، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەڵپەساردنی بواری سیاسیە لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ یەک خاڵی سەرەکی زێدە–ئایدیۆلۆژیای زۆر بەهێزتر لە سیستەمی سیاسی. (ژیژک، ١٣٩١، ١٤١)

سازدانی مەراسیمی قەومی بە تێچوی زەبەلاحی دارایی و دروستکردنی جۆرێک لە خورافە بە لێکبەستنی ڕابردو و ئێستا بە شیوەیەکی سورِیالی و دروستکردنی جەوێکی عاتفی و پڕ لە هەیەجان کە زایەڵەکەی تەنیا لە گوتاری ڕاگەیاندنی ئایدیۆلۆژیدا دەبیسرێتەوە، وەک مەراسیمی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهی ئێران و ختوکەدانی ئیرانچێتی ساختە لە پێناو سەرپۆش دانان لەسەر دژایەتییە کۆمەڵایەتییە قوڵەکان، کە سیاسەت دەیەویست خۆیان لێبدزێتەوە و دواجار لە شوێنێکی مەترسیدار واتە شۆڕشی مەزهەبیدا خۆی دەرخست. یان وەک ئەمڕۆ لە میسری سەردەمی سیسیدا بەرچاودەکەوێت دوبارەکردنەوەی هەمان سیناریۆیە واتە زاڵکردنی دیوە نمایشییەکەی سیاسەت کە خۆی لە دروستکردنی خەیاڵێکی ناڕاست بۆ سوبێکتی مسرِیدا دەردەخات و پێشاندانی مسرِ وەک شەرم شێخێکی گەورە، لە ڕاستیدا لە سیاسەتخستنی سیاسەتە لە ڕێگای نواندن و تەمسیلەوە. لەبەرانبەر ئەم فۆرمە ئایدیۆلۆژییەدا لە دیدی ژیژەک بەشداری نەکردن و بایکۆت خۆی دەبێتە ئەکتێکی کاریگەری سیاسی و خۆدورخستنەوە لە «کرداری ساختە pseudo-activity واتە جەختکردن لەسەر چالاکی و بەشداری و خەڵک خستنە ناو پرۆژەکانیان بە شێوەیەکی پاسیڤانە و یەکەمین هەنگاو بۆ کرداری ڕاستەقینە بەشدارینەکردن و پاشەکشێیە». (ژیژک، ١٣٩٥، ١٧٥).

## 2 -ململانێی چینایەتی Class Struggle وەک کرۆکی سیاسەت

تێگەیشتنە باوەکەی مارکس و ئینگلس، لە هەمو قۆناغێکی مێژوییدا، بەرهەمهێنانی ئابوری و ژێرخانی کۆمەڵایەتیش کە حەتمەن بەشێکیەتی، بنەمای مێژوی سیاسی و فکری قۆناغەکە پێکدێنن، هەربۆیە هەمو مێژو جگە لە ململانێی نێوان چینەکان هیچی تر نییە. (مارکس و انجلز، ٢٠١٥، ٢٨) بەشێوەیەکی گشتی مێژو بۆ **مارکس** لەلایەک مێژوی ململانێی چینایەتییە و لەلایەکی ترەوە پرۆسەیەکی تەواو بابەتییە objective کە لە دژایەتی نێوان گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان و سیستەمە گرێدراوەکانی پەیوەندی بەرهەمهێنان واتە سیستەمی کۆمەڵایەتی دروستدەبێت. (لاکلائو، ١٣٨٨، ٢-٣) مارکس خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە پێش ئەوە پرسی ململانێی چینایەتی باسکراوە، بەڵام ئەوەی ئەو وەک شتێکی نوێ زیادی کردوە ئەمەیە: ١- سەلماندنی ئەوەی کە بونی چینەکان پەیوەندی بە هیچەوە نییە، جگە لە قۆناغێکی مێژویی نەبێت کە بەرهەمهێنان دیاریدەکات. ٢- ململانێی چینایەتی حەتمەن بەرەو دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەچێت و ئەم دیکتاتۆریەش لەخۆیدا، هیچ نییە جگە لە پرۆسەی گواستنەوە بەرەو نەهێشتنی هەمو چینەکان و بەرەو کۆمەڵگایەکی بێ چین. (فیشر، ١٩٧٣، ١٤٤) ئەمەش واتە خوێندنەوەیەکی ڕاستەهێڵی بۆ مێژوی مرۆڤایەتی کە یەک تاکە فاکتەر ڕۆڵی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

یەکلاکەرەوەی تێدا دەگێڕێت، بە جۆرێکی تر ئەوەی کە ئاراستەی کۆمەڵایەتی و دونیابینی لە قۆناغە مێژووییەکان ڕەنگڕێژ دەکات ئاستی ململانێی نێوان چینەکانە، ئەوە لە کاتێکدا کە لە بنەڕەتدا پێشگریمانەی چینایەتی لە کۆمەڵگادا پەسندبکرێت کە پۆلانزاس بەم جۆرە پێناسەی دەکات: (پولانزاس، ١٣٨٩، ١٦-١٧) ١- چینەکان گروپبەندی فاکتەری کۆمەڵایەتین کە بەهۆی پێگەیان لە پرۆسەی بەرهەمهێنان پێناسەدەکرێن. ٢- چینە کۆمەڵایەتییەکان لە یەک ڕەوتدا، هەم لە دژایەتی چینانەیەتی و هەم خەباتی چینایەتی لەخۆدەگرن. ٣- شوێنگەی چینایەتی پەیوەستە بە "کار"ی چینەکان و پەیوەندییە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان لەخۆدەگرێت. ٤- دیاریکردنی بونیادی چینایەتی دواجار تەنیا بە خەباتی چینایەتی دێتەبون.

ئەم تێگەیشتنەی بۆ ململانێ کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد ڕوانگەیەکی بابەتی بۆ کێشەکان هەیە و فاکتەری یەکلاکەرەوەی ململانێکانی تەنیا لە یەک چیندا دەبینی لە دوای ١٩٧٠ توشی کێشەی فکری بو کە بە قەیرانی مارکسیزم دەناسرێت. هەر بۆیە وەک ڕێگەی دەرچون لەم کێشەیە هەندێ لە بیرمەندانی چەپ (بۆ نمونە هابرماس) جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ داکۆکی لە باڵادەستی سیاسەت بەسەر بونیادبەندی فەزای کۆمەڵایەتیدا بکەین و نابێ لۆژیکی ژێرخان و فەزای ئابوری ئایندەی کۆمەڵگاکان دەستنیشان بکات و سیاسەت لە لایەن بواری کۆمەڵایەتیەوە سنوردار بکرێت، ئەوەش بەمانای بەلاوەنانی تێگەیشتنی ئۆرتۆدۆکسی مارکیستی و ئابوریگەرایی بو. چونکە لە هێرمیۆنتیکای **مارکس** دا دو لۆژیک باڵادەست بو:١-ڕاڤەی ئابوریانەی مێژو ٢- هەمو شتێک سیاسییە. هەر وەک ئاشکرایە **مارکس** دەوڵەت واتە سەرخانی سیاسی دەکات بە پاشکۆی ژێرخان واتە ئابوری و لۆژیکی نوێنەرانە وەردەگرێت، واتە گوزارشت و نوێنەرایەتی بەرژەوەندی چینی باڵادەست دەکات و ئەم خاڵە فەرامۆش دەکرێت، کە دەوڵەت لە هەناوی "ژێرخانی ئابوریدا" وەک فاکتەرێکی سەرەکی حسابی بۆ دەکرێت و ژیژەک پێیوایە تەنیا کاتێ کە ئەمە قبوڵ بکەین کە دەوڵەت نەک هەر چینە کۆمەڵایەتیەکانی دەرەوە، بەڵکو نوێنەرایەتی خۆیشی دەکات، ئەو کات دەتوانین پرسیار لەوە بکەین، کێ دەتوانێ دەسەڵاتی دەوڵەت کۆنترۆڵ بکات. (ژیژک، ١٣٩٨، ٤٥)

لەڕوانگەی ژیژەکەوە ململانێی چینایەتی پەیوەستە بەبواری واقعەوە the real و ئێمە ناتوانین ڕاستەوخۆ لە ناو واقعیەت reality دا ڕوبەڕوی ببینەوە، بەڵکو تەنیا لە ڕێگای شێوازی سیمبۆلی دەتوانین ئەوە بکەین، کێشەمەکێشی چینایەتی پەیوەندی دولایەنەی ئێمەیە و شتێکە کۆمەڵگا لە پەنایەکتر دادەنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو شتەیە کە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەوەی کۆمەڵگا هەمەکیەتێکی ئۆرگانیک دروست بکات. (مایرز، ١٣٩١، ١١٤) واتە ململانێی چیانەیەتی لە نێوان دو چینی هەندەکی و هەمەکی دا نییە، بەڵکو لە نێوان هەمەکیەتێک لە بەشەکانی و پاشماوە یان زیادەکەی دایە، ئەو زێدەیەی کە لەنێوان بەشەکاندا هێمای هەمەکییەتە و لە پرۆسەی دابەشکردندا، ئیدی دو بەشی تایبەت یان دو شتمان نییە، بەڵکو یەک شت (زێدەکە)مان هەیە لەگەڵ هیچ دا. (ŽIŽEK, 2016) یان هەمان واقعی the Real لاکانی، واتە ئەو چاڵە یان بەشە بێبەشەی کۆمەڵگایە، دەرکراو و پەراوێزی و کرێکارە زێدەکان یان بە واتایەکی تر "ئەو هیچەی" کە لە سیستەمی کۆمەڵگادا حیسابی بۆ ناکرێت، بەڵام نوێنەری گشتە و بەرجەستەبونی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگایە بە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

مانا ڕانسیەرییەكەی. (نیكو، سەرچاوەی پێشو، ١٠٧) ئەگەر دابەشكردنی كۆمەڵگا بۆ دو چین بەبێ توخمێكی زیادە (جوەكان، كەمینە جیاخوازەكان، خراپەكار، پەنابەر، ڕەش، سەرڕەش) تەواو ببوایە، ئیدی هیچ ململانێیەكی چینایەتی لە ئارادا نەدەبو، بەڵام زیدە هێمای جیاوازی دژایەتی دو چینە كە ماددیەتی وەرگرتوە. (ŽIŽEK,2016) لەم سۆنگەیەوە ئەم بەشە بێ بەشە یان هەموی دەبێت یان هیچ و بەم جۆرە بەهۆی ئەم هیچە كە یەكسانە بە هەمو كۆمەڵ وەک كۆمەڵگایەكی سیاسی دێتەئارا كە بەهۆی مشتومرێكی بونیادییەوە دو لەت دەبێت، خەڵک چینێک نییە لە نێو چینەكانی تردا، بەڵكو چینێكی هەڵەیە كە زیان بە كۆمەڵگا دەگەیەنێت. (ڕانسەر، ١٣٩٢، ١٩) ئەمەش واتە بە هۆی كۆتوبەندی بەشەكانی كۆمەڵ لە هەمەكێكدا –كە لەسەر ژماردنی بەشەكانی دامەزراوە- بەشێكی پارادۆكسی لەم ژماردنەدا هەیە، بەشێک كە بێ ئەوەی بەشبونی لەدەست بدات، خۆی وەک گشت یان هەمەک پیشان دەدات. (لاكلائو، ١٣٩٢، ١٠٧) بەم جۆرە لەنێوان هەمەكیەتی كۆمەڵگا و هەندەكیەتی پێكهێنەرەكانیدا كە دواجار جۆرێک لە پەیوەندی ئۆرگانی و پاراستنی مان و بەرژەوەندی یەكتر بەیەكیانەوە دەبەستێتەوە، بەشی زێدە یان هەمان درزی نێو هەمەكیەت دەبێتە جوڵێنەری سەرەكی و ئەمە لەناو سیستەمی فەلسەفی ژیژەک دەربڕی ئەبەدیەتی "ململانێی چینایەتی" یان هەمان ئەنتاگۆنیزمە، واتە هیچ كاتێ هەمەكیەت پڕبونێكی تەواو نییە، بەڵكو بۆشاییەكە و لەهەناویدا دەسوڕێتەوە. ئەمەش لەگەڵ ئەم تێزەی **لاكان** تەبایە كە جەخت دەكاتەوە ئەنتاگۆنیزمی چینایەتی نوێنەرایەتی تەواوی هەمو كۆمەڵگا نامكین دەكات، ئەنتاگۆنیزمی چیانیەتی بەو مانایەیە كە هیچ گشتێكی بێلایەن و بێ بارگ لە كۆمەڵگادا بونی نییە، بەڵكو بەرەنجامی كەلێنێكی بنەماییین، كە پێكهاتەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان دروست دەكات و كەلێنێكە فۆرمێكی ناسینەوەی ساختەی ئایدیۆلۆژییە. (دالی، سەرچاوەی پێشو، ٢٠-٢١) ژیژەک جەخت دەكاتەوە كە لاكلاو و موفە یەكەمین كەس بون كە چەمكی واقعی لاكانییان لە پانتایی كۆمەڵایەتی-ئایدیۆلۆژی بۆ چەمكی ئەنتاگۆنیزم بەكارهێنا و تەنیا بەهۆی كاریگەرییەكانی دەتوانین هەستی پێبكەین و ئەمەش "دەبێتە هۆی پێشگرتن لە داخرانی پانتایی كۆمەڵایەتی كە دەتوانین بە هەمان مانای "ململانێی چینایەتی" بەكاری بێنین كە ناهێڵێت پانتایی كۆمەڵایەتی-ئایدیۆلۆژی بەتەواوی گشتگیر و یەكپارچە بێت. (ژیژک، ١٣٩٠، ٢٦٧) بەم جۆرە پەیوەندی چینایەتی ئانتاگۆنیستیە واتە نەدژایەتیە نەنەیاری بەڵكو موستەحیلە هەر كام لە چینەكان چینەكەی تر لە بەدەستهێنانی شوناسی خۆی واتە بون بەو شتەی دەیەوێت دوردەخاتەوە. (كریمی، ١٣٩٠، ١٤٢) ئەمەش تەواو پێچەوانەی گوتاری سیاسی جیاوازییە كە هەوڵ دەدات كۆمەڵگا وەک یەكەیەكی یەكگرتو پیشان بدات و ململانێیەكانی ناویشی وەک جۆرێک بەریەكەوتنی ڕەوكەش كە لە ڕێگای سازان و سازشەوە دەشێت بگەن بەجۆرێک لە ڕێككەوتن و دواجار هەموان بتوانن گوزارشت لە شوناسی خۆیان بكەن و دان بەیەكتردابنێن. لە ڕوانگەی ژیژەک شێوازی باوی نكۆڵیكردن لە ئەنتاگۆنیزم یان ناتەبایی كۆمەڵایەتی و دۆخی خۆبەنوێنەری هەموان یان گشت زانین ئەوەیە كە هۆكاری ئەم دژیەتیە بۆ هێزێكی دەستدرێژكار یان دەرەكی دەگەڕێنێتەوە كە هەڕەشە لە كیانی كۆمەڵگا دەكات و سیمبولی توخمی دژە كۆمەڵگا یان هەمان زێدەی پاشماوە لەقەڵەم دەدرێت و ئەنتاگۆنیزمی ململانێی چینایەتی پەیوەست دەكرێت بەهێزێكی دەرەكی ئەمەش



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

لەگەڵ ئەم فۆرمیولەی **لاکان** دا دەگونجێت (a+1+1) واتە دو چین لەگەڵ زێدەیەک یان هەمان ئۆبژەی a یان تەواوکاری دو لایەنە ناتەباکەی کۆمەڵگا. (جیجیک، ٢٠١٧، ٢٨-٢٩) ئەم تێزە خوێندنەوەیەکی ڕادیکاڵ و نوێیە بۆ مارکسیزم، چونکە، لەم تیۆرەدا ئێمە تەنیا دو چینی دژبەرمان نییە، بەڵکو دوچین و زیادەیەک بونی هەیە و ژیژەک پێیوایە «ڕێک لەبەرئەوەی تەنیا دو چینی دژ لە ئارادا نییە، هەر بۆیە ململانێی چینایەتی بونی هەیە». (ژیژک، ١٣٩٨، ٣٣-٣٤) لاکلاو و موفە ئەرگۆمێنتی ئەوە دەخەنەڕو، کە ئێمە ڕیزێک شـــوێنگەی ســـوژەی تایبەتمان هەیە (فێمێنیست، لایەنگری ژینگە، دیموکراسی..) کە پێشوەختە جێگیر نەکراون، ئەم شوێنگانە بەپێی ئەو شـــێوازەی کە لە ڕیزێک هاوبەها جومگەبەندی دەکرێن کە شـــوناســـی هەر کامێکیان لە ڕێگای زێدەی خوازراو Metaphoric Surplus پێناســـە دەکرێن دەخرێتەڕو. (کریمی، ســـەرچاوەی پێشـــو، ١٤٢) واتە ئەو شـوناسـانە لە جەوهەری خۆیان دا پێناسـەیەکی دیاریکراوی ڕونیان نییە و لە زنجیرەی دال و مەدلولەکاندا بە بەردەوامی دەتوانرێ بەپێی پێگەی خۆیان مانای جیاواز وەربگرن. **مارکس** بەپێی میتۆدی دیالێکتیکی پێیوابو لۆژیکی نوێنەرایەتی representation کۆمەڵایەتی کە بەگوێرەی کارەکتەرە ســـیاســـییەکان نوێنەری چین و هێزە کۆمەڵایەتیەکانن- هیچ کاتێ نوێنەرایەتی سیاسی ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بونیادی کۆمەڵایەتی نییە و ئەکتەرێکی سـیاسـی دەتوانێ نوێنەری گروپی جیاوازی کۆمەڵایەتی بێت و چینێکیش دەتوانێ مافی نوێنەرایەتی بدات بە یەکیتر، هەر وەک **لاکان** لە لۆژیکی دالدا بەیانی کردوە لە ڕوانگەی **مارکس** کاتێ دو یان چەند گروپی کۆمەڵایەتی- ئابوری لە ئارا دابن بەرژەوەندی هاوبەشیان تەنیا لە شکڵی نەفی زەمینەی هاوبەشی نوێنەرایەتی دەکرێت.

لە فەلسـەفەی سـیاسـی مارکسـدا ئابوری سـیاسـی لەراسـتیدا لە خاوەنداریێتی تایبەتەوە سـەرچاوە دەگرێت، بەڵام مارکس پێیوایە ڕاڤەی ناکات و بە دەســـتەواژی گشـــتی داماڵراو لە پرۆســـەی ماددی دەریدەبڕێت، کە خاوەنداری تایبەت پێیدا تێدەپەڕێت، پاشان ئەم دەستەواژانە دەبن بە یاسا، لێ ئەم یاسایانە ئەوە ڕونناکەنەوە، کە چۆن لە سروشتی خودی خاوەندارێتی تایبەتەوە سەرچاوەیان گرتوە. (مارکس، ١٩٧٤، ٦٧) واتە پەیوەندی نێوان ڕەوتی واقعیبونی ئابوری ســـیاســـی و یاســـاییبون و نۆرماڵبونی ئاوەژو دەکاتەوە، لەم ســـۆنگەیەوە بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستی سەرەکی ژیژەک سیاسەتێکە لەسەر بنەمای بڕیاری بونیادی و دەستەجەمعی دامەزرابێت، سیاسەت ناوی مەودا وەرگرتنی ئابورییە لە خۆی، پانتایی سیاسەت بە هۆی کەلێنێک دەکرێتەوە کە ئـابوری وەک هۆکـاری ون لە "دیـاریکەری دژبەرانە" ئـابوری جیـادەکـاتەوە، واتە ئـابوری وەک یەکێک لە توخمە پێکهێنەرەکانی گشتیەتی کۆمەڵایەتی: سیاسەت بونی هەیە چونکە ئابوری "گشت یان هەمو شتێک" نییە، ئابوری نیمچە هۆکارێکی "نەزۆک" و بێتوانایە. (ژیژک، ســـەرچاوەی پێشـــو، ٥٣) لەدیدی ئەو خاڵی کۆتایی پارالاکســی **مارکس**ی لە نێوان ئابوری و ســیاســەتە و هیچیان لەســەر حســابی ئەویتریان بچوک ناکرێنەوە، ململانێی چینایەتی لە کرۆکی ئابوری دایە و هەر ڕوانگەیەک کە ململانێی سـیاسـی تەنیا بە ڕەنگدانەوەی پەتی "بەرژەوەندی ئابوری بزانێت، ناچار بە تێکشـکانە، هەروەک چۆن ئەو ڕوانگەیەی کە پانتایی ئابوری بۆ خڵتەی بەشـتبوی reified sedimentation لاوەکی پرۆسـەی سـیاسـی بنەمایی بچوک بکرێتەوە شـکسـت دێنێت.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

(Žižek, 2006) هەر بۆیە لە دیدی ژیژەک ئابوری بەبێ کرۆکە سیاسییە سەیرەکەی ex-timate (واتە ململانێی چینـایەتی) کە ڕێکـدەکەوێتە نـاوەڕاســـتیەوە، هیچ نییە جگە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی پۆزەتیڤ بۆ گەشەپێدان، لە لەیەکی تریشەوە سیاسەتی پەتی pure politics واتە سیاسەتێکی "پالآفتە" لە هەمو پیسییەکی ئابوری بەهەمان ڕادە ئایدیۆلۆژییە. (جیجیک، ٢٠١٧، ٣٠-٤٠) کەواتە "سیاسـەتی پەتی هەروەک بادیۆ و بالیبار و ڕانسـیەر و لاکلاو و موفە بانگەشـــەی بۆ دەکەن کە دژایەتی ئابوری دەکەن و هەمویان هەوڵدەدەن پانتایی ئابوری واتە پانتایی بەرهەمێنانی ماددی بەرەو پانتایی ئۆنتیک و بەری لە شـــوێنگە ئۆنتۆلۆژییەکەی بچوک بکەوە و لێرەدا هیچ شـوێنێک بۆ "ڕەخنە لە ئابوری سـیاسـی" **مارکس**ی بونی نامێنێت، بونیادی جیهانی کاڵا و ســـەرمایە لە کتێبی کاپیتاڵی **مارکس**دا تەنیا پانتاییەکی ئەزمونی نییە، بەڵکو جۆرێک بواری کۆمەڵایەتی- ترانسێندێنتاڵی پێشینەییە، ماتریسێکە کە هەمو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان دروست دەکات. (Žižek, 2006) دۆلۆزیش پێیوایە "لە قۆناغی کۆتایی"دا ئابوری بونیادی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات، بەڵام هەرگیز وەک فاکتەرێکی هۆیەتی ئامادە نابێت، بەڵکو دەلالەتە لە بەهێزەگی جیاوازکار differential Virtually یان "نیمچە هۆکاری" کۆمەڵایەتی ڕەها و ســـەربەخۆ و ون کە هەرگیز لە جێگەی خۆیدا نییە و لە نێوان زنجیرەی زۆری نێو پانتایی کۆمەڵایەتی (ئابوری بەمانا کردەییەکەی و ســـیاســـی و ئایدیۆلۆژی و یاســـای و شـــەرعی) دا دەسوڕێتەوە و بە پێی جومگەبەندی تایبەتی هەرکامێکیان دابەشیان دەکات. (ژیژک، ١٣٩٨، ٣٧-٣٩) بەم جۆرە ژیژەک ئابوری بە فۆرمی دیاریکەری بواری کۆمەڵایەتی دادەنێت، هەرچەندە هیچ کام لە پانتاییەکان واتە نە ئابوری و نە سیاسی ناتوانن کورت بکرێنەوە یان بچوک بکرینەوە لە بەرانبەر یەکتردا، بەڵکو تەنیا لە ڕوانگەی پاڕالاکسی دەتوانێت خۆی بەرهەم بێنێتەوە. واتە «لەخستنە کەوانەی خۆی ئۆبێکتەکەی بەرهەم دێنێت». (Žižek, 2006) ئەمەش بەمانای ئەوەیە ئەو بەشـــە لە بونیادە پێکهێنەرەکان و لۆژێکی باوەکی دەزگاکانی دەوڵەت لەبەرچاو وندەکات بۆ ئەوەی سیستەمەکە بەو جۆرە ببینرێت کە ئایدیۆلۆژیا دەیەوێت.

کەواتە ژیژەک پێیوایە بە پێچەوانەی گوتـاری پۆســـت-مۆدێرن و هزری لیبراڵ نـاتوانین بڵێین "جیـاوازی کولتوری" هەمو پانتاییە کۆمەڵایەتییەکان داگیردەکات و چین و توێژە جیاوازەکان دەبڕێت و هەروەها ناتوانین بڵێین بەشـــێوازی جیاواز لەگەڵ ململانێکانی تر تێکەڵ دەبێت و وەک ئەنتاگۆنیزمی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێ، بەڵکو لە میتۆدی ڕەخنەی **مارکس**یســـتی یەک ئەنتاگۆنیزم (واتە ململانێی چینـایەتی) هۆکـاری ســـەرەکی ئەنتـاگۆنیزمەکـانی Overdetermine ترە و لەم حـاڵەتەدا وەک "هەمەکێکی کۆنکریتی"پـانتـایی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت وململانێی چینایەتی پرەنســـیپێکی بونیادبەخشـــە، کە دژایەتیەکانی تر لە زنجیرەی هاوتادا ڕیز دەکات. (ژیژک، ١٣٩٨، ٤٩-٥٠) لەدیدی ژیژەک خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە لە لیبرالیزم و فەلســـەفەی پۆســـت مۆدێرندا دەیانەوێت جێگەی هەردو چەمکی ئەنتاگۆنیزم و جیاوازی بگۆڕن، ئەوە لە کاتێک دایە کە لە ململانێی چینایەتی دا کێشـــەکە پێچەوانە دەبێتەوە و جیاوازی چینایەتی دەکرێت بە ئەنتاگۆنیزمی کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا خەباتی دژە ڕەگەزپەرستی و دژە هەڵاواردنی جنسـی پەیرەوی لە دانپیانانی تەواوی "ئەویتر" دەکات، ئامانجی ململانێی چینایەتی تێکشـــکاندن و لەناوبردنی ڕۆڵ و فەرمانە کۆمەڵایەتی –ســـیاســـییەکانی "ئەویترە. (هەمان


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

ســـــەرچاوە، ٥١) ئەوە جگە لەوەی "ئەویتر" بەرهەمی خەیاڵی "من"ی باڵادەســـتی ئایدیۆلۆژییە و بونێک سەربەخۆی نییە، پاراستنی باشە تا ئەو کاتەی وەک قوربانی بمێنێتەوە، ڕێک لەو کاتەدا کە ئەویتر ئیدی وەک قوربانی ڕەفتار نەکات و بیەوێت دەستپێشخەریەک بکات، لە ناکاو بە شێوەیەکی سیحراوی دەبێت بە ئەویتری تیرۆریست، فێندەمێنتاڵ، قاچاخچی..هتد. (ژیژک، ١٣٨٤d، ٤٩٢)

هزری پۆســـت مۆدێرن بە دژایەتی وەکیەکی و حیکایەتەگەرەکان و زەقکردنەوەی هەمەڕەنگی تاڕادەیەکی زۆر لە بەرژەوەندی گوتاری ســەرمایەداری و ڕوحیەتی ئیمپراتۆریەتخوازەکەی تەواوبوە کە لە ناشــوێن و لە دەرەوەی کلتورێکی دیاریکراودا هەوڵی سود و سەرمایە دەدات. قبوڵکردنی جیاوازی وەک چەمکێکی سەنتەری لە جیاتی ئەنتاگۆنیزم لای ژیژەک دەبێتە هۆی بەلاوەنانی دژایەتی ئابوری و هێنانە پێشـــەوەی جیاوازییە کولتورییەکان، کە زیاتر وەک جیاوازی نیشـــانەکان و پێکدادانی شـــوناســـەکان دەخرێنەڕو، ئەمەش دژی مانا ڕادیکاڵەکەی سیاسەتە.

### 3- سوبێکتی شۆڕشگێڕ

لە هزری سیاسی و بەتایبەتی لە بیری چەپدا یەکێکی تر لە پرسیارە سەرەکییەکان ئەوەیە، کاتێ سوبێکت ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی-ســیاســی خۆی دەناســێت و هەســت بە چەوســانەوە و ناهاوســەنگی دەکات لە نێوان ئیرادەی خۆی و ئیرادەی ئەوانیتردا، چۆن دەتوانێــت گۆڕانکــاری لەم پەیوەنــدییە دەســـــەڵاتیــانەدا بێنێتەئاراوە، بەتایبەتی کە دەزانێت ئەم پەیوەندییانە ئایدیۆلۆژیین، واتە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە ســروشــتیبونی پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتییەوە نییە.

خســتنەڕوی پێناســەیەک بۆ کردەی ســیاســی و ســوبێکت یان بکەر، بەتایبەتی لە ســیاســەتی ڕزگاریخوازیدا ڕەگەکانی بۆ تێزەکانی **مارکس** دەگەڕێتەوە ســەبارەت بە هاوکێشــەی ئاگایی و لەخۆبێگانەبون، مارکس پێیوایە «چینی پرۆلیتاریا بە زنجیرە ڕیشـــەییەکانی دەســـتییەوە لەناو کۆمەڵگای مەدەنی کە بەشـــێکیش نییە لێی... بازنەیەکی کۆمەڵگایە کە بە هۆی ئازارەکانییەوە ســـیمایەکی هەمەکی هەیە، بەبێ ئەوەی هیچ مافێکی تایبەتی هەبێت، هیچ ناونیشــانێکی نییە، جگە لە ناونیشــانی مرۆڤایەتی، ئەوا ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات، ئەگەر خۆی لە بازنەکانی تری کۆمەڵگا ڕزگار نەکات و ئەوانیش ڕزگار نەکات». (**مارکس**، ١٣٨١، ٧٩٩) ئەمەش لێکبەســـتنی ئاگابون بە ســتەم و تێگەیشــتنە لە هیرارکیەتی کۆمەڵایەتی، کە لەدیدی مارکس ویســتی شــۆڕشــگێڕی دروست دەکات، هەربۆیە لە ڕوانگەی ئەو لە نێو هەمو چینە نەیارەکانی بۆرژوازیدا، پرۆلیتاریا تاکە چینە کە بەڕاســـتی شــۆڕشــگێڕە. لێرەدا هەر وەک بالیبار دەڵێت ســوبێکتی ڕاســتەقینەی **مارکس** ســوبێکتی بکەرێکە کە یەکســانە بە چالاکی شــۆڕشــگێڕانەی پرۆلیتاریا و ڕەوشــی هەنوکەیی تێکدەدات و جیهان دەگۆڕێت و لە ئەنجامدا خۆشــی گۆڕانی بەســەرداد‌ێت، هەربۆیە **مارکس** بیرۆکەی ڕزگاری پەرەپێدەدات و ئەمەش لە ڕێگای شــۆڕش و لەلایەن چینی پرۆلیتاریاوە فۆرمیولە دەکات (بالیبار، ١٣٩٣، ٧٠) بەڵام ئەم چینە تا بەرژەوەندییەکی هاوبەشی سیاسی و ئابوری کۆی نەکاتەوە ناتوانێت وەک چینێکی یەکگرتو لەبەرانبەر چینەکانی تردا خۆی ڕابگرێت، بەمەرجێک ئەولەویەت بۆ ســـیاســـەت بێت، هەر بۆیە لە ڕوانگەی ئەنتۆنیۆ گرامشـــی ســـەرکردایەتی ئەخلاقی و هزری،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

سـەنتێزێكی باڵاتری "ئیرادەی گشـتی" دروسـتدەكات كە لە ڕێگای ئایدیۆلۆژیاوە دەبێتە لكێنەری ئۆرگانێكی یەكپارچەسـازی "بلۆكێكی مێژوویی"، لێرەوە سـیاسـەت دەكەوێتە پێش بەرژەوەندی چینایەتی، ئەو پێیوایە كاریگەری ڕاستەوخۆی بونیادی ئابوری لەسەر سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا بەتایبەتی لە ڕوانگەی ماتریالیزمی مێژوویی، دەبێت دژایەتی بكرێت چونكە؛ یەكەم، ئاستەمە شوێنی بونیادی ئابوری بەشێوەیەكی جێگیر دیاری بكرێت. **دووەم،** كردەیەكی سیاسی دیاریكراو ڕەنگە هەڵە بێت، واتە هەمیشە مەحكوم نییە بە بونیادی ئابوری. سێیەم، هەندێ كردەی سیاسی پەیوەستە بە پێویستی ناوخۆیی ڕێكخستن و پانتایی كۆمەڵایەتی. (غرامشی، ٢٠١٨، ١١٠-١١١) ئەمەش واتە سیاسەت وەك بوارێك دەتوانێ خاوەن سەربەخۆیی زاتی خۆی بێت و هەمو گۆڕانكارییەك لە ئابوریدا مەرج نییە ڕاستەخۆ كاریگەری لەسەر سیاسەت دابنێت یان سیاسەت بە تەواوی پاشـكۆی ژێرخانی ئابوری بێت. هەروەك چۆن لای لاكلاو موفەش ئەوەی ڕۆڵی بكەری مێژوی بۆ گۆڕانكارییەكان دیاری دەكات جومگەبەندی هەژمونییە، كە بە هیچ جۆرێك لە سەر ڕاستە هێڵێك كارناكات و دەرەنجامەكانیشی پێشبینیكراو نییە و پەیوەستە بە چەمكی "دیاریكردنە فرەلایەنەكان" كە كلیلی جومگەبەندی كۆمەڵایەتییە كە خەباتی گروپ و هێزە جیاوازە سیاسییەكانی وەك ئیكۆلۆژی و بزوتنەوەی كەمینەكان تێیدا ڕەنگ دەداتەوە. لە فەلسەفەی ئەوان ئایدیۆلۆژیای باڵادەست پانتایی سیاسیبون تێكدەشكێنێ و پانتاییە كۆمەڵایەتییەكان بەرفراوان دەكات، بەڵام لەڕێگای بەها و ئەخلاقیاتی هەژمونیەوە ئەم كۆمەڵایەتیبونە دیزاین و ڕەنگڕێژ دەكرێت. (لكلائو و موفه، ١٣٩٢، ١١٤-١١٥) ئاماژە بەوە دەكەن، كە ئێستا ئێمە لە سەردەمی پۆست-ماركسیزم داین و ئیدی ناتوانین داكۆكی لە تێگەیشتنێك بكەین بۆ سوبێكتگەرایی subjectivity و چین و ڕەوتی گەشەی سەرمایەداری و چەمكی ئەنتاگۆنیزم وەك كۆمەڵگایەكی شەفاف، كە ماركسیزم ئیشی لەسەر كردوە.

لە هزری چەپی ڕادیكاڵدا، دیاریكردنی سنوری جوڵەی سوبێكتی سیاسی لە ڕاستیدا ئاوێنەی ئایدیۆلۆژیای ژێرخانی ئابوری و عەقڵانیەتی سودگەرایی لیبراڵە بۆ پارێزگاریكردن لە ڕەوشی هەنوكەیی و پاراستنی لە هەمو ڕەخنە و لەرزینێك، ئەوە بە پێچەوانەی هزری لیبراڵ و كۆنسێرڤاتیڤ كە بە هۆی یاسا و عەقڵانیەتی ئامرازی- و تەنانەت شەرعیەتی ئیكراهی دەوڵەت، سنوری كردەی سیاسی دیاری دەكرێت، هەر بۆیە لەدیدی چەپی ڕادیكاڵ «سیاسەت پیادەكردنی دەسەلات نییە، بەڵكو شێوازێكی تایبەتی كردە action یە كە لەلایەن جۆرێكی تایبەتی سوبێكتەوە بەدیدێت و پەیوەستە بەجۆرێك تایبەتی عەقڵانیەت». (رانسیر، ١٣٩٢، ١٧) ئەمەش جارێكی تر هەم چەمكی چینی شۆڕشگێر وەك سوبێكتی مێژوویی و چەمكی "خەڵك" وەك بەشی بێ بەش هێناوەتەوە ناو فەلسەفەی سیاسی و لەگەڵ ئەم پرسەدا ئاوێتەبوە كە بە یەكێك لە سەرەكیترین پرسەكانی ماركسیزمی ڕۆژئاوایی دادەنرێت، واتە نەبون یان دەرنەكەوتنی سوبێكتی شۆڕشگێڕ و بەرسڤی ئەم پرسیارە كە بۆچی چینی كرێكار نەیتوانی ڕەوتی لە-خۆدا بۆ-خۆی تەواو بكات و خۆی وەك فاكتەری شۆڕش دروست بكات. ئەم ئاراستەیە لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ دەرونشیكاری هەوڵیدا میكانیزمەكانی لیبیدۆی ناخودئاگا شی بكاتەوە كە پێشی خودئاگایی چینایەتی دەگرێت. (Žižek,2010,212)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

ژیژەکیش پێیوایە دوای ئەزمون و شـــکســـتی شـــۆڕش و نارەزایەتیەکان لە جیهانی هاوچەرخدا، هێشـــتا ئەگەرەکانی گۆرانی ڕادیکاڵ بە تەواوی لەناونەچوە، هەر بۆیە سوبێکت دەبێت ببێت بە بەشێک کێشە جدییەکان و نابێ لە بەرزاییەکانەوە ســەیری پرۆســەی شــۆڕش بکات، بەڵکو دەبێ خولقێنەری بێت و بتوانێ ڕوداوەکان دروست بکات و ئاراستەکەیان دیاریبکات. لە ڕوانگەی ئەو بکەری شۆڕش بەرلەوەی ڕیسک بکات و دەسەلات داگیربکات، نابێ مۆڵەت لە ئەویتری گەورە وەربگرێت، شـــۆڕش کە تەنیا خۆی بە ڕەوا دەزانێ دەبێ ڕیســـک بکات و دەســت بداتە کردەی شــۆڕشــگێڕانە کە لەژێر ســایەی ئەویتری گەورە نییە و ترســان لە بەدەســتەوە گرتنی "پێش لە وادەی خۆی" دەســەلات و گەڕان بە دوای مســۆگەربونی شــۆڕش، ڕێک بریتییە لە ترســانە لە ئەکت و کردە. لە دیدی ئەو لێرەدا لەگەڵ دو مۆدێل و دو لۆژیکی پێکەوە قیاس نەکراو بۆ شۆڕش بەرەوڕوین: (ژیژک، ١٣٨٤a، ٣٢٧-٣٣١) **یەکەم؛** ئەوانەی چاوەڕوانن تا چرکەساتی ئامانجناسانەی (الغائية) قەیرانی کۆتایی یان هەمان چرکەســـاتی ڕێک و ورد بگات، لەوێدا شـــۆڕش "لە کاتی گونجاوی خۆیدا: بەگوێرەی پێویســـتی پەرەسەندنی مێژو جۆش وخرۆش بستێنێ. **دوەم؛** ئەوانەی بەختی شۆڕشگێڕانە وەک شتێک لێکدەدەنەوە کە ڕێک لە هەناوی پەنا و پەســیوی گەشــە و پەرەســەندنی مێژویی "ئاســایی" ســەردەردێنێ و هەر لەوێش دەبێ بەدەستبهێنرێت.

خالێکی تر کە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە بریتییە لە پەیوەندی نێوان هەژاری و شۆڕش، لە ڕوانگەی ئەو شۆڕش تەنیا لە کاتی هەژاری یان نادادپەروەری ڕونادات، ئەمانە پەیوەست نین بەیەکترییەوە، بۆتێگەیشتن لە ڕەوشـــی نادادپەروەری دەبێ ڕادەیەک لە ئـازادی ئـایـدیۆلۆژی ئەزمون بکەین، چونکە هەنگاوی یەکەم بە ئاراستەی ئازادی هۆشیاربونە لە ڕەوشی نادادپەروەرانە. (ژیژک، ١٣٩٥، ١٠٣) ئەمەش واتە ئاگایی و شۆڕشی کولتوری پێشمەرجی شۆڕشە بەمانا ڕادیکاڵەکەی و جیاوازە لە ڕیفۆرم کە بەمانای گۆڕان دێت لە چوارچێوەی سیستەم دا و ناهێڵێت یاسا بنەماییەکانی کۆمەڵگا گۆرانی بەسەردابێت ولۆژیکی فەزای کۆمەلایەتی دەپارێزێت، هەر بۆیە زۆر جار ڕیفۆرم لە کۆمەڵگا قەیراناوییەکاندا نەک هەر چارەســـەری کێشـــەکان ناکات، بەڵکو دەبێتە هۆی بەهێزبون و توندوتیژبونی دەزگـاکـانی دەوڵەت و مـاتەوزەی ســـوبێکـت و ئەکتەری گۆڕانخوازیش لەناودەبات و دواجار توشـی پاسـیڤی و جۆرێک لە نهێلیزمی سـیاسـی دەکات. لە ڕونگەی ژیژەکەوە کێشـەی ســەرەکی هەوڵە شــۆڕشــگێڕەکان تا ئێســتا ئەوە نەبوە کە "لە ڕادەبەدەر توندڕەو" بون، بەڵکو ئەوەیە کە ئەم هەولانە بە ڕادەی پێویسـت ڕادیکاڵ نەبون، واتە ئەوان پێشـگریمانەکانی خۆیانیان نەخسـتۆتە ژێر پرسـیارەوە. (ژیژک، ١٣٨٤e، ٤١٨) هەر بۆیە لای ئەو خودئاگایی پەیوەستە بە پێگەی کۆمەلایەتی و بە پێچەوانەی لاکلاو و موف بڕوای بە جێگرتنەوەی ســـوبێکتەکانی تری وەک خوێندکاران و پەراوێزخراوەکان و ڕۆشـــنبیران نییە، بۆئەوەی ڕۆڵی چینی کرێکار جێبەجێبکەن و پێیوایە گەڕانەوە بۆ ئەمانە "ترســـە لە دۆزینەوەی ســـوبێکتە ســـەرەکییەکە" واتە بەجۆرێک لە جۆرەکان خۆبواردنە لە ڕاستی و کاریگەری چینی کرێکار و خۆدزینەوەیە لە ئەکتە شۆڕشگێڕانەکەی. (Žižek, 2010, 215)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

هەروەک ئاشکرایە لە ئێستادا قبوڵکردنی پرۆلیتاریا یان سوبێکتی شۆڕشگێڕ بەمانا کلاسیکییەکەی لانیکەم لە گوتاری فیکری لیبراڵدا کەوتوەتە ژێر گومانەوە، هەربۆیە لاکلاو وەک بەدیل جارێکی تر چەمکی خەڵک بەمانا ڕۆمانییەکەی واتە پۆپۆلاس دێنێتەوە پێش و پێیوایە دەبێ بۆ خەسڵەتی "خەڵک" لە ڕوشاندن یان لەکەدارکردنی هەمەکیەتی پۆپۆلاس (کۆمەڵ) لەلایەن هەندەکیەتی پلێبز بگەڕێین، کە لۆژیکی دروستبونی بە "عەقڵیەتی پۆپۆلیستی" ناوزەد دەکات. (لاکلائو، ١٣٩٢، ٨١) بە بۆچونی ئەو یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی گوتاری مارکسیستی، لەناوچونی چەمکی "خەڵک the people"ە وەک وتەزایەکی بێ فۆرم و ناورد و کورتکردنەوەی هەمو دژایەتییەکان بو بۆ چەمکی ململانێی چینایەتی کە ئەویش خۆی لە فۆرماڵبون و بەری لە هەمو ڕەهەندێکی هاوتایی equivalence لەناوبرد. (لکلائو و موفە، ١٣٩٢، ١١٤ -١١٩) «داواکاری خەڵک یان پۆپۆلار، داواکارییەکە کە پڕبونی غیابی کۆمەڵ لە ڕێگای زنجیرەیەک لە هاوتاکان chain of equivalences بەرجەستە دەکات». (لاکلائو، سەرچاوەی پێشو،٨١) پێیوایە ئەم عەقڵیەتە کۆتایی بە هەردو عەقڵانیەتی سیاسی دێنێ کە بانگەشەی تەواوبون و کۆتایی سیاسەت دەکەن، واتە هەم عەقڵانیەتی شۆڕشێکی بەرفراوانی گشتگیری ئاشتیخوازانە و هەم سیاسەتی لیبراڵی پسپۆڕەکان کە لە ڕێگای بیرۆکراسییەت و کۆمپانیاکانەوە دەوڵەت بەڕێوەدەبەن، واتە هەمو هێز و گروپە کۆمەڵایەتییەکان کە خواستی هەژمونیان هەیە و دەیانەوێت، دەسەڵاتی باڵادەست سنوردار بکەن دەتوانن لەناو زنجیرەی هاوتاکاندا خەباتی سیاسی خۆیان درێژە پێبدەن، کە سەرەڕای ڕەهەندە ئەنتاگۆنیستییەکەی بەڵام لە چوارچێوەی یەک بکەر یان سوبێکت دا کورت نابێتەوە. هەروەک لاکلاو و موفە جەخت دەکەنەوە کە دەبێ بە نکۆڵیکردن لەم تێگەیشتنە کە "کۆمەڵگا" وەک هەمەکیەتێکی بونیادی پرۆسە هەندەکییەکان تێبگەین و دەبێ کراوەی بواری کۆمەڵایەتی وەک زەمینەیەکی دامەزرێنەرconstitutive ground یان جەوهەرێکی نیگەتیڤی negative essence شتی مەوجود واتە "سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان" وەک هەوڵی کاتەکی و دواجار نەزۆک بۆ ڕێکخستنی پانتایی جیاوازییەکان لێکبدەینەوە. (لکلائو و موفە، سەرچاوەی پێشو، ١٥٧) ئەمە واتە لە بنەڕەتدا کۆمەڵگا هیچ جەوهەر و خودێکی جێگیری نییە، بەڵکو ئەوە ئەکتەر یان سوبێکتە پەرواێزی یان دەرکراو یان بێ بەشەکانن کە بەپێی زنجیرەی هاوتای دەتوانن پێگەی هەژمونی خۆیان بسەپێنن. لاکلاو لە وتاری "**ئایدیۆلۆژیا و پۆست-مارکسیزم**" هەردو چەمکی ئەنتاگۆنیزم و ناچونیەکی heterogeneity شی دەکاتەوە و تێیدا ئاڵۆزی نێوان بابەتییەت Objectivity و ململانێی چینایەتی و ڕەوانبێژی گوتاری Rhetorical Discourse و دالی بەتاڵ وەک ناوەندی ڕێکخەری تایبەتمەندییە بونیادییەکان دەخاتەڕو، وەک بەدیلی کرۆکێکی هاوبەش و لێرەوە "بواری سیاسی" وەک دونیایەک لە جومگەبەندی گریمانەکراو دەبینێ لە خواستە زۆرەکان کە ئەمەش شتێکە تایبەت بە خەڵک نەک چینێکی دیاریکراو بۆ نمونە چینی پرۆلیتاریا و ئایدیۆلۆژیا ویستگەیەکی نواندنەوەی متیافۆڕی و مەرجدارە کە ماناکان لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا جێگیردەکات. (Laclau, 2006) بەم جۆرە لاکلاو و موفە چڕکردنەوەی دژایەتی (تضـاد) کۆمەڵایەتی لەسەر بکەرێکی تایبەت ڕەتدەکەنەوە **و** کۆی پرۆژەکەیان بۆ «ناسینی هەلومەرجی گوتاریانەی دەرکەوتنی کردەی دەستەجەمعیە بە ئاراستەی خەبات دژی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

نایەکسـانی دەرواەت و ئالەنگاری پەیوەندی ملکەچانە دەکات». (لکلائو و موفە،١٣٩٢، ٢٤٠) لێرەوە لە هەناوی جێگۆڕکێی گوتارەکان و سـەرهەڵدانی ڕوانگەیەکی نوێ بۆ پێگە و دۆخی سـوبێکت و گومان خسـتنە سـەر نۆرماڵبونی فۆرماسـیۆنی کۆمەڵایەتی-ئابوری باڵادەسـت، جۆرێک لە هزری ڕزگاربون لە ملکەچی دێتەئارا. بۆ نمونە لە شۆڕشی فەرەنسیدا لە چەمکی "خەڵک"دا خۆی دەرخست، یان لە بەهاری عەرەبیدا لە نادادپەروەرانە بونی سـیسـتەمی زاڵ و کەرامەتی مرۆڤ دا خۆی بەیان کرد. لە بەهاری عەرەبی دا کاتێ گوتاری زاڵی نیشـتمانی یەکگرتوی عەرەبی و دژایەتی بێگانە و باری لەناکاوی هەمیشـەیی هەرەس دێنێ و بە پێچەوانەی گوتاری مافخوازانە لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی شکڵ دەگرێت، خاڵەکانی بەرەنگاری بەهێز دەبن و کۆمەڵگا بەرەو ململانێ سـەرەکییەکە دژی دەسـەڵات دەبات. لە ڕوانگەی لاکلاو و موفە سـیاسـەت و هەژمونی پێکەوە گرێدراون و دەیانەوێت بە پرۆژەی دیموکراسـی ڕادیکاڵ وەڵامی بدەنەوە لە پانتایی "شـۆڕشـی دیموکراتی"دا. (هەمان، ٢٣٧-٢٣٨) ڕەخنەی ئەوان لە مارکسـیزمی کلاسـیک ئەوەیە کە سـوبێکت بە هیچ جۆرێک یەکپارچە و هۆشـیار و ئامادە نییە، بەڵکو ڕەوشـی سـوبێکتیی بەردەوام گۆڕانی بەسـەرردادێت، ئەمەش دەبێتە سـەرەتای سیاسەتیکی دیموکراتی ڕادیکاڵ و پلوراڵ کە فرەیی مەیدانەکانی بەرەنگاری دژی سیستەم قبوڵ.

ئەم تێگەیشـتنە سـەبارەت بە ئەنتاگۆنیزم لە لایەن ژیژەکەوە ڕەتدەکرێتەوە کە پێیوایە هەمیشـە بۆشـاییەک یان کەلێنێکی موسـتەحیلی بون یان "شـت" هەیە کە بەردەوام لە فۆرمێکی مێژویدا گروپێک یان فیگەرێک figure بۆشـاییەکە پڕ دەکاتەوە، هەمیشـە جۆرێک کورتە پەیوەندی short-circuitی ئایدیۆلۆژی لەئارادایە، جۆرێک زێدەبون هەیە، کە شـەیدامان دەکات، بەڵام مەرج نییە وەک دوژمن دەربکەوێت، هەمو گروپ و فیگەرێک بەپێی لۆژیکی جیاواز فەزا بەتاڵەکە پڕدەکاتەوە. (دالی، ١٣٨٦، ١١٠-١١٣) واتە هەرچەندە ئەم گروپە جیاوازانە کە لە جومگەبەندی هەژمونیدا خواستی گۆڕانکاریان هەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا لە دیدی ژیژەک هێزی لەسیاسەتخراون، چونکە کۆی سیستەم و لۆژیکەکەی ناخەنە ژێر گومان و هەر لەو چوارچێوەیەدا دەجوڵێنەوە کە ئایدیۆلۆژیای باڵادەسـت دەیسـەپێنێت. بە بۆچونی ئەو پۆسـت مۆدێرنەکان کاتێ باس لە فرەیی و جیاوازی دەکەن یان باسی پەرتەوازەیی و نەبونی سەنتەر دەکەن لەناو سیستەمدا لە ڕاستیدا، ئەمە لە واقیع دادەبڕن و تەنیا وەک وێناکانی ڕاڤەی ئێمە و جیاوازی تەفسـیرەکان پێشـانی دەدەن و لەم نێوەشـدا بوارێکی گرنگی وەک ئابوری بەتەواوی لە سـیاسـەت دەخەن، ئەوە جگە لەوەی کاتێک باسـی سـیسـتەمی هاوچەرخ و بەجیهانیبون دەکەن لەسەر ئاستی ئابوری بە قسەیەکی ڕون سەبارەت بە دەرچون لە سیستەمی سەرمایەداری ناکەن وەک واقعێک کە کرۆکی کێشەکانە.

ژیژەک سەبارەت بە شۆڕش وەک وەڵامدانەوەی ڕەوشی پڕ لە قەیرانی هەنوکەیی و چەقبەستنی سیستەمی سەرمایەداری، ئیرادەی شۆڕش بە شتێکی ناچارەکی دەزانێ، کە دەبێ ڕوبدات، چونکە لە دەرەوەی ئەوە هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تر لە ئارادا نییە و ئێمە بەردەوام بەرەو قەیران و کارەسـاتی تر دەڕۆین، بەڵام ئەمە بەتەواوی پەیوەستە بە چەمکی پراکسیس نەک وەک شتێکی ئایدیالی. ئەمە بە مانای گۆڕینی چەمکی "توندوتیژی" نییە بۆ ئامرازی عەقڵی مێژویی، بەڵکو هەروەک ئایتن بالیبار لە خوێندنەوەی وردی خۆی بۆ **مارکس** کردویەتی مێژو


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

کراوەیە هیچ زەرورەتێکی مێژویی گشـــتگیر نییە کە دەرەنجامی کۆتایی دیاری بکات. (ژیژک، ١٣٩٢، ٢٨٨) ئەمەش ڕێک پێچەوانەی تێگەیشـــتنی ئۆرتۆدۆکســـە بۆ ماتریالیزمی مێژویی و دیتێرمینیزم وەک پرۆســـەیەکی حەتمی بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا. ئەوەی هەیە ئەو پارادۆکســـانەیە کە لە هەناوی ســـیســـتەمی باڵادەســـتدا هەیە و بەشێوەیەکی یەکجار زۆر پێویستی بە تەرد و دەسەڵاتە، هەر بۆیە هەمیشە کەلێنێکی زاتیی لە سیستەمەکەدا هەیە کە دەرفەتی بەرەنگاری دەخوڵقێت. (ژیژک، ١٣٩٥، ١٦٩-١٧٠) هەر وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا هەمیشـە زیادەیەک دەکەوێتە دەرەوەی ســـیســـتەمەکە کە بەردەوام فۆرمەکەی دەگۆڕێت، بەڵام لە جەوهەردا هەر ئەو بەشـەیە کە سـیسـتەم ناتوانێت بەخۆیەوە بگرێت. خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم زێدە یان باقییە واتە پەسـەندکردنی دژبەرییەک کە لە بەرانبەر تواندنەوەی سیمبۆلیدا خۆی ڕادەگرێ و ئەمەش پەیوەستە بە چەمکی دژایەتی یان ئەنتاگۆنیزمی کۆمەڵایەتی لای مارکسیستە کلاسیکەکان کە دو جۆرە: (ژیژک، ١٣٩٠، ٣٧) یەکەم: ئەنتاگۆنیزمی بنەمایی واتە "ئەنتاگۆنیزمی چینایەتی" یان چەوســـاندنەوەی ئابوری. دوەم: پرۆســـەی مێژویی کە دەبێتە چارەســـەری ئەم ئەنتاگۆنیزمە. لێرەدایە کە چەمکی "شـۆڕش" دێتە ئاراوە کە لەڕوانگەی **مارکس** ئەنتاگۆنیزمی کۆمەڵایەتی کە بەرهەمی ململانێی چینـایەتییە چارەســـەر نـابێت ئەگەر لە بنەمـاوە کێشـــە جەوهەرییەکە چارەسەرنەکرێت. ژیژەک بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی شۆڕش و ماتریالیزمی مێژویی و مێژونوسی جارێکی تر بۆ **بنیامین** دەگەڕێتەوە بەتایبەتی کە ئەو جیاوازی دەکات لە نێوان مێژوگەرایی و ماتریالیزمی مێژویی کە وەک بوکەڵەیەکی قورمیشـکراوە و بەیارمەتی ئیلاهیات دەبێ هەمیشـە براوەبێت. (بنیامین، ١٣٧٥، ٣١٧) ژیژەک لە چەمکی eingedenken دەســـتپێدەکات کە پێیوایە ئەزمونێکە ناهێڵێت مێژو بەشـــێوەیەکی ناتیۆلۆژیانە تێبگەین و ئەم چەمکە زیاتر لەمانای "بیرهێنانەوە" یان "بیرەوەری" دەبەخشێت و وەرگێڕانە حەرفیەکەشی واتە (خۆخزاندنە ناو بیر/شـــتێکەوە) بەس نییە. (ژیژک، ١٣٩٠، ٢٣١) لێرەدا پرســـی خاوەندارێتی لە ڕابردو لەلایەن چینی ژێردەستە دێتەئارا. لە بەرانبەر سەرکەوتنی مێژویی دەسەڵاتدارەکان، ژێردەستەکان مێژویان بەکراوەیی و گەڕاندنەوە بۆ ڕزگاری دۆخە ناکام و پڕ لە شـکسـتەکانی ڕابردو دەبێت و لە ئایندەدا خۆی بنوێنێ، ئەمەش بەو مانایەیە کە لە خەیاڵدانی ســـوبێکتی شـــۆڕشـــگێڕ دا ڕابردو و ئێســـتا و ئایندە بەیەکەوە ئامادەییان هەیە. «لێرەدا ڕابردو پڕدەبێت لە ئێستا واتە دەرفەتێکی شۆڕشگێڕانەیە کە نەک هەر چارەنوسی شۆڕشی هەنوکەیی بەڵکو چارەنوسی هەمو هەوڵە شۆڕشگێڕیە شکستخواردوەکانی ڕابردوش دیاریدەکات». (ژیژک، ١٣٩٠، ٢٣٤) بواری واقعی وەک محاڵ لێرەدا بەو مانایەیە کە بێگومان محاڵ ڕودەدات، هەروەک لینین لە کاتی شـــۆڕشـــی ١٩٢١ وتی شـــۆڕش لە هەندێ ڕو موعجیزەیە، هەر بۆیە دەبێ لە "محـاڵبونی impossible ڕودان" بەرەو "محاڵ ڕودەدات" بپەڕینەوە. (Žižek , 2001, 83-84) کەواتە ســـوبێکتی شـــۆڕشـــگێڕ یان پرۆلیتاریا لە سـیاسـەتی ڕزگاریخوازی ڕادیکاڵ وەک ئافرێنەری ڕوداوە پێویسـتە لە ئێسـتادا ئامادەیی هەبێت و لە ڕوانگەی ژیژەک هیچ کام لە چین و توێژەکان ناتوانن شوێنگەی پڕبکەوەنە و ئەمە بەهۆی ڕۆڵە مێژویی و هەمەکییەکەی دەشـــێت ناوی "خەڵک"یشـــی لێبنرێت، واتە هەمو ئەوانەی وەک درزێک لە پەیکەری کۆمەڵایەتی دەبینرێن، ئەوانەی شـەرعیەت دەدەن بەپێگە فەرمی و سـیاسـییەکان بێ ئەوەی خۆیان خاوەن پێگەیەکی دیاریکراو بن و


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

ســەرەڕای ئەوەی ســەرچاوەی یاســا و ســەروەرییە، بەڵام دەخرێتە دەرووەی بواری ســیاســی و بەم جۆرە سیاسەت وەک ئەنتاگۆنیزم واتە ناتەبایی ئەبەدی نێوان چینەکان بەتاڵدەکرێتەوە.

## ئەنجامەکان:

لە ڕوانگەی ژیژەکەوە حەقیقەتی ســیاســی کە حەقیقەتێکی هەمەکییە پێشــهاتە و لە ڕەوشــدا خۆی نمایان دەکات، کە لەلایەن سوبێکتی شۆڕشگێڕەوە کەشفکراوە کە لایەنگر و وەفاداری ڕوداوێکی ڕاستەقینەیە کە تەنیا شەرعیەت بە سیستەمی سیاسی نابەخشێت، بەڵکو لە بونیادەوە بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ ڕووەو ئاییندە گۆڕانکاری بەســەردادێنێت. ئەم تێزە دەکەوێتە خاڵی پێچەوانەی دیدگای پۆســت-مۆدێرن بۆ ڕێژەگەرایی وحەقیقەت، لای ئەوان حەقیقەت وەک بوارێکی تەفسیری جیاوازییەکان و ڕاڤەی گوتاری سەیر دەکرێ.

ســـیاســـەت پەیوەندی بە هاوســـەنگکردنی ســـود و زیانەکانی تاکەوە نییە، هەروەک لە هزری لیبراڵیدا بانگەشــەی بۆ دەکرێت، بەڵکو بریتییە لە دابەشــکردنی بەش و پێگەی دو چین و زیادەیەک کە هەرگیز ناهێڵێت ســـیســـتەم بەتەواوی دابخرێت. ژیژەک بەســـودوەرگرتن لە پراکتیزەکردنی تیۆری کۆمەڵەکان هەوڵدەدات پەیوەندی نیوان کۆمەڵە و ژێرکۆمەڵە و کۆمەڵەی بەتاڵ (Ø) بۆ شـــیکردنەوەی نایەکســـانی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییە ســـیاســـییەکانی بەکاربێنێت، ئەمەش هەمان درزی ناو ســـیســـتەمی ڕەهای هیگڵە، کە پێیوایە بەرەوپێشـــچونی بەردەوامی دیالێکتیکی هێمای ئەوەیە کە هەرگیز ســـیســـتەم بەتەواوی پڕ و تۆکمە نابێت و هەمیشــە لە ڕێگای بەشــە دەرکراوە و پەراوێزییەکانەوە کە هەمان بەشــی بێ بەشــی کۆمەڵگایە بەرەنگاری دەکرێت.

ســیاســەتی ڕادیکاڵ یان ڕزگاریخوازانە واتە پەردە هەڵماڵین لەســەر حەشــاردانەوەی حەقیقەتی ململانێ و ئەنتاگۆنیزمی نێوان چینەکان و زێدەکی کۆمەڵگا، ئەرکی ســەرەکی ســیاســەتی ڕادیکاڵ پابەندییە بە ڕاســتی و بەرجەســـتەکردنییەتی لەڕێگای ڕوداوی شـــۆڕشـــگێڕانەوە، چونکە نکۆڵیکردن لە حەقیقەتی هەمەکی، واتە پارێزگاریکردن لەو وردە حەقیقەتانەی کە ســیســتەم بەرهەمی دێنێت و لەڕێگای دەزگای ئایدیۆلۆژییەوە وەک واقعییەت بڵاویان دەکاتەوە.

ئەگەر پۆلیس Polis بەمانا یۆنانییەکای، واتە دەوڵەت-شار یان هەمان چوارچێوە و دەسەڵاتی سیستەم بێت کە بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی چینەکان ڕۆڵی ســیاســی بە مرۆڤ دەبەخشــێت، ئەوا ســیاســەت politic بەمانا ڕادیکاڵەکەی واتە بڕیاری بەرەنگاری سیستەم بۆ چاکەی گشتی لەلایەن بەشە پەراوێزییەکانەوە، نەک سازش و کۆدەنگی و کردەی نمایشی.

ململانێی چینایەتی یان ئەنتاگۆنیزم، جەوهەری ســـیاســـەتە کە لە هەناوی ئابوری خۆی نمایان دەکات و ڕەگێکی قوڵی لە ئازادی دایە. هەرگیز بواری ســیاســی و ئابوری لەســەر حســابی یەکتر کورتناکرێنەوە، بەڵکو تەنیا لە دیدێکی پاڕالاکســی دەشــێت یەکێکیان بخرێتە کەوانە یان بۆ ماوەیەک نادیدە بگیرێت. ئەنتاگۆنیزم واتە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

دژایەتی دو چین و زیادەیەک کە لە ناکۆکییەکی هەمیشـــەیی دان هەم لەســـەر ســـیاســـەت و هەم لەســـەر خاوەندارێتی لە حەقیقەتی سیاسی بۆ وەرگرتنی بەش و ڕۆڵی سیاسییانە لە کۆمەڵگادا.

لە ڕوانگەی ژیژەک ســــەرەڕای ڕۆڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی تر لە جومگەبەندی هەژمونیدا کە خواســـتی تێکشکاندنی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی زاڵی سەر کۆمەڵگایان هەیە، سوبێکتی شۆڕشگێڕ یان هێزێکی خود-ئاگا کە مەیلی گۆڕانخوازی هەیە، لە هێزە پەراوێزی و دەرکراوەکاندا خۆی دەردەخات و تەنیا لە ڕێگای شــۆڕشــەوە دەتوانێت ڕیزبەندی چینایەتی بگۆڕێت وئەم پرۆســەیەش تەنیا بەچینی بێ بەشــی کۆمەڵگا دەکرێت کە لە دیدی ئەو نوێنەرایەتی هەمەکییەت دەکات.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

# Antagonism and Radical Politics in the Philosophy of Slavoj Žižek

**Sherzad Ahmad Najjar[1] - Idrees Omar Mustafa[2]**
[1+2] Department of Political System and General Policy, College of Politicala Sience, University of Sallahaddin-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The relationship between truth and politics in Slavoj Žižek's political philosophy is a problematic relationship, particularly in post-modern discourse and global liberal order, because in the context of this discourse, the relative truth has a direct impact on politics as a subordinate filed leading to the fragmentation of the society.

Žižek believes that within the dominant system and its ideology, which finds itself in consumer capitalism, there are always possibilities of resistance, especially as he defines politics as a manifestation of class struggle in its economic dimension. The perpetrator of this struggle appears as a historical subject and manifests in the form of deprived and excluded groups, or marginalization of society. This will become an empty hole or group that the system does not embrace or include.

In return, this will remain as a permanent crack or hole in the system and will not allow the system to be completely closed or reach absolute integration. In addition, this will remain as a possibility of revolution and protest and become a dynamic element in a dialectic relationship that moves politics at its radical level.

This article is divided into two parts. In the first part, the article talks about the politics of truth and events, universal truth, representation, event and change, and holes in the system. The second part of the article is dedicated to analyzing the concept of antagonism and highlighting the tensions between anthos, demos, polis and politics. Then, the article refers to class struggle as the core of politics by Žižek, and focuses on the concept of revolution and the role of historical subject in the process of change.

**Keywords:** Radical Politics, True, Antagonism, Class Struggle, Revolutionary Subject.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19**

## پەراوێزەکان:

* **سـلاڤۆی ژیژەک** Slavoj Žižek لە ســالّی ١٩٤٩ لە لیوبلیانای پایتەختی سـلۆڤینیا لەدایکبوە، دکتۆرای فەلسـەفەکەی لە زێدی خۆی لە زانکۆی لیوبلیانا University of Ljubljana وەرگرتوە، پاشـان لە زانکۆی سـۆربۆن دەرونشـیکاریی خوێندوە. مامۆسـتای بەشـی خوێندنی باڵای ئەوروپی وتوێژەری باڵای دەزگای کۆمەڵناسییە لە زانکۆی لیوبلیانا، هەروەها مامۆستای میوانە لە زانکۆاکانی کۆلۆمبیا و پرینستۆن و قوتابخانەی نوێی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی نیۆیۆرک، زانکۆی مینەسوتا و زانکۆی میشیگان. بەرهەمەکانی کە پسپۆڕی و بوارە جیاوازییە زانستییەکانی وەک فەلسەفە و سیاسەت و دەرونشیکاری و ڕەخنەی کولتوری و سینەما و ئەدەب دەبڕێت، هەمویان لە پێناو پرۆژەیەکی سیاسی دەخاتەگەڕ لە پێناو گۆڕانی ڕادیکاڵ لە سیستەمی لیبراڵ دیموکراسی کە بوەتە ئایدیۆلۆژیای سەرەکی سەرمایەداری گلۆباڵ یان سەرمایەدارییەکی گشتگیر کە خاوەنی ئاراسـتەیەکی فراوانخوازییە. ژیژەک بە یەکێک لە دیارترین و کاریگەرترین فەیلەسـوفەکانی ڕۆژئاوا و جیهان دادەنرێت.

** جۆرج فردیناند کانتۆر Georg Ferdinand Cantor (١٨٤٥-١٩١٨) ماتماتیکزانی ئەڵمانی لە سـان پترسـبۆرگی ڕوسـیا لەدایکبوە، سـالّی ١٨٦٢ لە زانکۆی زویرخ ماتماتیکی خوێندوە و پاشـان بۆ تەواوکردنی خوێندن چوە بۆ زانکۆی بەرلین و لە سالّی ١٨٦٧ دکتۆرای وەرگرتوە.

*** گریمان کۆمەڵەی A لەم توخمانە پێکهاتوە {b, c, d} و دەتوانین ئەم ژێر کۆمەڵانەی لێدروست بکەین:

{Ø},{b},{c },{d},{b, c},{b, d},{c, d},{b, c, d} ژمارەی ژێر کۆمەڵەکان = $2^n$ = n

= $2^3$ = 8 سەرچاوە: هاشمیان، سەرچاوەی پێشو، ل ١٨٢.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

## سەرچاوەکان:


عەلی، بەختیار (٢٠٢٠)، سێوی سێیەم، ناوەندی ڕەهەند، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی.

عەلی، بەختیار، (٢٠١٩) ئایدیۆلۆژیست، ناوەندی ڕەهەند، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی.

رانسیەر، ژاک (٢٠١٥)، مامۆستای نەزان: پێنج وانە سەبارەت بە ڕزگاری، و: مەنسور تەیفوری، ناوەندی غەزەلنوس، سلێمانی.

جيجيك، سلافوي (٢٠١٧)، العنف: تأملات في وجوهه الستة، ت: فاضل جتكر، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت.

جيجيك،سلافوي (٢٠١٧)، سنة احلام الخطيرة، ت: امير زكي، دار فارابى، بيروت.

چيچک، سلافوي (٢٠١٥)، تراجيديا في البداية هزلية في النهاية، ت: غادة الامام، المركز العربي للترجمة، القاهرة.

سلافوي، جيجيك (٢٠١٥)، بداية كمأساة وأخري كمهزلة، ت: أماني لازار، طوى للثقافة والنشر والاعلام، لندن.

چيچک، سلافوي (٢٠١١)، مرحبا في صحراء الواقع، ت: احمد احسان، دار العين للنشر، القاهره.

ارسطو (١٩٥٦)، السياسات، ت: الأب اوغسطيس برباره البولسي، اللجنة الدولية للترجمة الروائع الأنسانية، بيروت.

رانسيير، جاك (٢٠٠٠)، كراهية الديمقراطية، ت: احمد احسان، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.

عادل، مصطفى(٢٠٠٠)، فهم الفهم: مدخل الى الهيرمنيوطيقا، نظرية التأويل من افلاطون الى غادامير، القاهرة، رؤية للنشر والتوزيع.

غادامير، هانز جورج (٢٠٠٧)، الحقيقة والمنهج: الخطوط الاساسية لتأويلية فلسفية، ت: حسن ناظم وعلي حاكم، دار أويا، افرنجي.

غرامشي، انطونيو (٢٠١٨)، قضايا المادية التاريخية، ت: فواز طرابلسي،،مشورات المتوسط، بغداد-ميلانو.

فيشر، ارنست (١٩٧٣)، هكذا تكلم ماركس حقا، ت: محمد عيتاني، دار العودة، بيروت.

ماركس و انجلز (٢٠١٥)، البيان الشيوعي، ت: العفيف الأخضر، منشورات الجمل، بيروت-بغداد، ٢٠١٥.

ماركس (١٩٧٤)، مخطوطات كارل ماركس، ت: محمد مستجير مصطفى، دار الثقافة الجديدة، القاهرة..

بوصالحيح (٢٠٢٠)، حمدان، اشكالية المنهج والحقيقة بين هانز غادامير و بول فيرابند، مجلة آفاق العلوم، جامعة الجلفة، الجزائر، المجلد، ٥، العدد ٤.

بديو، آلن، (٢٠١٣) رخداد و حقيقت، ت: مسعود غفارى، ص ٢. دەق سیمیزیۆمێکی **بادیۆ** لە ڕێکەوتی ٢٨ مارتی ٢٠١٣ لە ژێر ناوی "ڕوداو لە ئیستاتیکا و سیاسەتدا" لە ئەمستردام. https://laps-rietveld.nl/?p=3448.

هریستون، اليور (٢٠٢١)، رخداد، حقيقت و فرضيەی کمونيسم، ت: پريسا شکورزاده، مجلەی الکترونی نقد اقتصاد سياسی، ص ١٣-١٤. ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/١٥ https://pecritique.com/2020/01/17/.

**ژیژک، اسلاوی (١٣٩٨) سال رؤیاهای خطرناک، ت: رحمان بوذری و صالح نجفی، چاپ دوم، نشر هرمس، تهران، ١٣٩٨.**

**ژيژک، ا سلاوی (١٣٨٤a)، انتخاب لنین، ت: امید مهرگان، بخ شی از کتاب: ا سلاوی ژیژک، نظریه، سیا ست، دین، گزینش مراد فرهادپور و دیگران، گام نو، تهران.**

**ژیژک، اسلاوی (١٣٨٤b)، ژاک رانسیر و سیاست رادیکال، ت: صالح نجفی، بخشی از کتاب: اسلاوی ژیژک، نظریه، سیاست، دین، گزینش مراد فرهادپور و دیگران، گام نو، تهران.**

**ژیژک، ژیژک، اسلاوی (١٣٨٤c)، سیاست حقیقت: آلن بادیو و ژاک لاکان، ت: امید مهرگان، بخشی از کتاب: اسلاوی ژیژک، نظریه، سیاست، دین، گزینش مراد فرهادپور و دیگران، گام نو، تهران.**

**ژیژک، ژیژک، اسلاوی،(١٣٨٤d) ناتو به مثابه دست چپ خدا، ت: علی معظمی، بخشی از کتاب: اسلاوی ژیژک، نظریه، سیاست، دین، گزینش مراد فرهادپور و دیگران، گام نو، تهران.**

**ژیژک، ژیژک، اسلاوی،(١٣٨٤e)، فارخوانی برای انقلاب فرهنگی، ت: جواد گنجی، بخشی از کتاب: اسلاوی ژیژک، نظریه، سیاست، دین، گزینش مراد فرهادپور و دیگران، گام نو، تهران.**

**ژیژک، اسلاوی (١٣٩٢)، وجه وقیح حقوق بشر، له "قانون و خشونت"، کتاب رخداد، چاپ سوم، ناشر فرهنگ صبا، تهران.**

**ارسطو (١٣٨٣)، اصول حکومت آتن، ت: باستانی پاریزی، نشر علم، چ ۴، تهران.**

**ارسطو (١٣٥٨)، سیاست، ت: حمید عنایت، چاپجانه سپهر، تهران.**

**ارسطو (١٣٨٤)، متافیزیک (مابعد الطبیعه)، ت: شرف الدین خراسانی، انتشارات حکمت، چ ٣، تهران.**




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

باڵی‌بار، اتی‌ن (١٣٩٢)، سه مفهوم سی‌ا‌ست: ڕهای‌ی، دگرگونی، مدنی‌ت، ت: مراد فرهاد پور و بارانه عمادی‌ان، بەش‌ێک لە کتێبی: لوی‌س آلتوسی‌ر و اتی‌ن باڵی‌بار ودی‌گران، نامه‌های سی‌است، نشر بی‌دگل چ ٢، تهران.

باڵی‌بار، آتی‌ن ١٣٩٣)، فلسفه‌ی مارکس، ت: عباس ارض پی‌ما، نشر دی‌بای‌ه، تهران.

لاکلائو، انســـتو(١٣٩٢)، آن بادی‌و و اخلاق مبارزه، ت:صـــالح نجفی و جواد گنجی، بەش‌ێک لە کتێبی: لوی‌س آلتوســـی‌ر و اتی‌ن باڵی‌بار ودی‌گران، نامه‌های سی‌است، نشر بی‌دگل چ ٢، تهران.

بدی‌و، آلن (١٣٨٩)، ســـی‌اســـت: دی‌الکتی‌کی غی‌ر بی‌انگر، ت: مجتبا گل محمدی، بەشـــی‌ک لە کتێبی: آلن بدی‌و، گزی‌نش و وی‌رای‌ش: مراد فرهادپور و دی‌گران، ڕخ داد نو، تهران.

بروئر، ژ (١٣٥٩)، ورودی به نظری‌ه‌ی مجموعه‌ها، ت: پروی‌ز شهری‌اری، تهران، انتشارات پوی‌ش.

پولانزاس، نی‌کوس (١٣٨٩)، طبقه در سرمای‌ه‌داری معاصر، ت: حسن فشارکی و فرهاد مجلسی پور، ڕخ داد نو، تهران.

رانسی‌ر، ژاک (١٣٩١)، آغاز سی‌ا ست، ت: امی‌ر کی‌ان بور و ار سلان ڕی‌حان زاده، بەش‌ێک لە کتێبی: لوی‌س آلتو سی‌ر و اتی‌ن باڵی‌بار ودی‌گران، نامه‌های سی‌است، نشر بی‌دگل چ ٢، تهران، ١٣٩١، ص ١٤-١٥. دەقی ئی‌نگلی‌زی:

رانسی‌ر، ژاک (١٣٩٢)، ده تز درباب سی‌است، ت: امی‌د مهرگان، ناشر ڕخ داد نو، چ ٢، تهران.

شی‌هان، شان (١٣٩٨)، ژی‌ژک، ت: محمد زمان زمانی، انتشارات علمی فرهنگی، تهران.

فرهادپور (١٣٨٤)، مراد، آلن بدی‌و فرای‌ند حقی‌قت، مجلەی کتاب ماه ادبی‌ات و فلسفه، اسفند ١٣٨٣ و فروردی‌ن، تهران.

گری، جان (٢٠١٤)، دی‌دگاهای خشونت آمی‌ز اسلاوی ژی‌ژک، ناشر E-Collective for Civic Education، نی‌وی‌ورک.

لاکلائو، ارنستو (١٣٨٨)، ای‌دی‌ولوژی و پسامارکسی‌زم، ت: علی تدی‌ن ڕاد، مؤسسه ترجمان، تهران.

لاکلائو، ارنـستو، (١٣٩٢) عقل پوپولیـستی: ملاحظات پای‌انی، ت: جواد گنجی، بخـشی از کتاب: آلتو سی‌ر، باڵی‌بار و دی‌گران، نام های سی‌است، گزی‌نش: مراد فرهاد پور و بارانه عمادی‌ان و آرش وی‌سی، نشر بی‌دگل،چ ٢، تهران

لکلائو، ارنستو و موفه، شانتال، (١٣٩٢) هژمونی و استراتی‌ژی سوسی‌الی‌ستی: به سوی سی‌ا ست دمکراتی‌ک ڕادی‌کال، ت: محمد ڕضائی، نشر ثالث، تهران.

مای‌رز، تونی (١٣٩١)، ژی‌ژک، اسلاوی، ت: احسان نوروزی، چاپ دوم، نشر مرکز، تهران.

مارکس، کارل (١٣٧٩)، گامی ده نقد فلسفه‌ی حق هگل، پا شکۆی کتێبی، بابک احمدی، مارکس و سی‌ا ست مدرن، نشر مرکز، چ ٣، تهران.

موف، شانتال (١٣٩٨)، دەربارەی امر سی‌اسی، ت: جعفر محسنی دره‌بی‌دی، نشر شب خی‌ر، تهران.

موفه، شانتال(١٣٩١)، درباره امر سی‌اسی، ت: منصور انصاری، ناشر ڕخ داد نو، تهران.

موفه، شانتال (١٣٩٢)، بازگشت امر سی‌اسی، ت: عارف اقامی مقدم، ناشر ڕخ داد نو، تهران.

نی‌کو، سەرچاوەی پێشو، ص ١٠٧.

دورانت، وی‌ل (١٣٨٢)، تاری‌خ تمدن، ت: امی‌ر حسی‌ن آری‌ان پور و دی‌گران، انتشارات علمی و فرهنگی، چ ٩، تهران.

هی‌دگر(١٣٨٦)، مارتی‌ن، وجود و زمان، ت: محمود نوالی، انتشارات دانشگاه تبری‌ز، تبری‌ز.

بنی‌امی‌ن، والتر (١٣٧٥)، تزهای درباره تاری‌خ، ت: مراد فرهادپور، مجله ارغنون، شماره ١١ و ١٢، پای‌ی‌ز و زمستان ١٣٧٥، تهران.

کری‌می، ای‌وب (١٣٩٠)، برر سی انتقادی و ڕوش شناختی نظری‌ه‌ی نقد ای‌دئولوژی ا سلاوی ژی‌ژک، پژوه شنامه‌ی علوم سی‌ا سی، سال هفتم، شمارەی ١، زمستان.

ها شمی‌ان (١٣٩٨)، مری‌م و دی‌گران، بنی‌ادهای ڕی‌ا ضی‌اتی فلسفه‌ی الن بدی‌و بر ا ساس کتاب هستی و ڕخداد، فلسفه تحلی‌لی، شماره سی و پنج، بهار و تابستان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19

Žižek , SLAVOJ (2001) Did Sombody Say Totalitarianism, Vero, London-New York.
Douzinas Costans and Žižek ,SLAVOJ (2010), the Idea of Communism, Verso, London-New york.
Aristotle (1941), The Basic Works of Aristotle, Edited and with an Introduction by Richard McKeon, Random House with Oxford University Press, New York.
Badiou, A. (2005), Being and Event, Oliver Feltham (Trans), New York, Continuum.
Étienne Balibar (2002), politics and the other scene, Verso, London and New York, 2002.
JACQUES RANCIERE (1999), Jacques Rancier, Disagreement: Translated: Julie Rose, University of Minnesota Press, London.
Ranciere, J. (2004) The Politics of Aesthetics: The Distribution of the Sensible, trans. Gabriel Rockhill, London: Continuum.

Verene, D. P. (1985). Hegel's Recollection: A Study of Images in the Phenomenology of Spirit, Albany: SUNY Press.
Hegel, G.W.F. (1974). ' Jenaer Realphilosophie', in Frühe politische Systeme, Frankfurt : Ullstein.
ŽIŽEK, SLAVOJ , THE SEXUAL IS POLITICAL, https://thephilosophicalsalon.com/the-sexual-is-political/ 01 AUG 2016.
Laclau, Ernsto (2006), ideology and post-marxism, jornal of political ideologies.
Badiou, A (2005), politics: a non- Expressive Dialectics', in Urbanomic, London, 26 November.
Robert Sinnerbrink, (2008)The Hegelian "Night of the World" : Žižek on Subjectivity, Negativity, and Universality, in International Journal of Žižek Studies.Vol 2, No 2.
.Chantal, Mouffe (2016), The populist moment, 21 November, visited at 22/2/2020: https://www.opendemocracy.net/en/democraciaabierta/populist-moment.
Žižek, Slavoj (2006), The parallax view: Karatani's 'Transcritique. On Kant and Marx' -,
https://libcom.org/library/the-parallax-view-karatani-s-transcritique-on-kant-and-marx-zizek-9,Oct.
Laclau, Ernesto (2006), "Ideology and post-Marxism." Journal of Political Ideologies, https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/13569310600687882?tab=permissions&scroll=top.


**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper19**